## براوەی (لاپتۆپ)ی ژمارەی پێشوو

بەڕێز (ئاسۆ محمد عبدالله) لە کەلار ستافی (سی فۆر کورد) پیرۆزبایی لەم خوێنەرە بەڕێزە دەکات.

### خەڵاتەکانی ئەم ژمارەیە:

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەین چوار خەڵات بۆ ئێوەی ئازیز دانراوە:

1-مۆبایلێکی 3G جۆری نۆکیا. کە میمۆری 1 گێگای لەگەڵدایە.

2-پرنتەرێکی HP ی ڕەنگاورەنگ، کە هەم ئیستنساخەو هەم پرنتەرە.

3-ئامێرێکی لێدانی دەنگ و مۆسیقا، کە دەتوانیت بە فلاش میمۆری کاری پێ بکەیت، جگە لەوەی دەتوانیت شەحنی بکەیتەوە.

4-فلاش میمۆریەکی ئەصلی 16 گێگا بایت لە جۆری ئیمەیشن.

خوێنەری ئازیز

لەگەڵ گۆڤاری سی فۆر کورد هەرگیز بێ ئومێد نابیت و هەمیشە بە دیاری سەرنج ڕاکێش و بەسود بەسەرت دەکاتەوە.

تکایە ئەم فۆرمە با لە کاتی خۆی بگاتەوە دەستمان تاکو بێ بەش نەبیت لە دیاریەکە.

ئەو کەسانەی بە ئیمەیڵ دەینێرنەوە پێویستە وێنەکە جوانگیرابێت و لاپەڕەی گۆڤارەکە بە جوانی دەربکەوێت و بەدەست پڕ کرابێتەوە.

ئێمەش تیرو پشکی بۆ دەکەین و دیاریەکە بۆ یەکێك لە ئێوەی بەڕێز دەردەچێت. و لە ژمارەی داهاتوو ناوی ئەو بەڕێزە بلاو دەکەینەوە.

هەموان دڵخۆش دەبن لەگەڵ گۆڤاری سی فۆر کورد.

# گۆڤارێک بکڕەو یەکێک لەو چوار خەڵاتە بە دەست بهێنە




تکایە ئەم زانیاریانە پڕ بکەرەوە لەو شوێنەی دەستنیشان کراوە بیبڕەو بیگەڕێنەوە:

**١-ناو:** ..............................................

**٢-ناونیشان:** ....................................

**٣-ئیمەیڵ:** .......................................

**٤-ژ.مۆبایل:** ....................................

**تێبینی:**

**١- پێویستە ئەم فۆرمە تا ٢٠ - ٨ - ٢٠١٠ بگاتەوە دەستمان.**

**٢- لە ژمارەی داهاتوو ناوی براوە ئاشکرا دەکەین.**

**٣- کەسی براوە لەکاتی وەرگرتنی دیاریەکە پێویستە ئەم ژمارەیەی سی فۆر کورد لەگەڵ خۆی بهێنێت.**

**٤- بۆ گەڕاندنەوەی ئەم فۆرمە:**

**- لە سلێمانی: کۆشکی سەردەم - بەرامبەر سلێمانی پالاس**

**- لە هەولێر: نوسینگەی کاوان بەرامبەر دادگای هەولێر.**

**یاخود ئەو کەسەی لێت کڕیوە.**

**٥- یان فۆرمەکە بە دەستنووس پڕبکەرەوە و بینێرە بۆ ئیمەیلی** (xalat@c4kurd.com).

**٦- بۆ هەر پرسیارێک سەبارەت بە خەڵاتەکە پەیوەندی بکە بە ژمارە مۆبایلی**

07706449565

## ئاگاداربیەك بۆ نووسەرە بەڕێزەكانی

## سی فۆر كورد

ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەكەینەوە كە بابەت بۆ (سی فۆر كورد) دەنووسن لەكاتی نووسینەكانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەن تاكو بابەتەكانیان بڵاوبكرێتەوە:

1- تا بكرێت بابەتەكان بە (یونیكۆد) بنووسرێت.

2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەكی كەسی لەگەڵدابێت.

3- ئەگەر بكرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی كردن لەكاتی پێویستداو دابەزاندنی ئیمەیڵەكە لەگەڵ بابەتەكە.

4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی كەم بكرێتەوە.

5- ڕەچاوی بنەماكانی ڕێزمان و خاڵبەندی بكرێت.

6- با بابەتەكان وێنەی ڕوون كردنەوەی لەگەڵ دابێت هەروەها وێنەكان لە نێو فایلە وۆردەكەدا دانرابێت و و بە جیاش لە فۆڵدەرێك بێت.

7- تا بكرێت بابەتەكان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.

8- بابەتەكان لە شوێنی تر بڵاونەكرابنەوە یاخود لە سایتی كوردی نەهێنرابێت.

9- بەرامبەر هەر بابەتێك بەخششێكی ڕەمزی لە لایەن گۆڤاری سی فۆر كوردەوە وەردەگیرێت.

10- بۆ ئەوەی بتوانین پاداشتی بابەتەكان بە ڕێكو پێكی بگەیننە دەستتان، تكایە ژمارەی مۆبایل و شوێنی نیشتەجێ بوون بنووسن.

11- دەتوانن بابەتەكانتان لە بارەی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و بەرنامەو مۆبایل و هەموو بوارەكانی تری تەكنەلۆژیای زانیاری بێت.

12- ئەو بابەتانەی باسی بەرنامە دەكات با لینكی بەرنامەكەی لەگەڵدا بێت یان ناوی تەواوی بەرنامە تاكو لە نێو سیدی تایبەت بە گۆڤار دابنرێت.

13- بابەتەكان تا بەرواری 15 مانگ بگات بەدەستمان.

14- بابەتەكان لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە ڕەوانە بكەن:

**np@c4kurd.com**



# سی فۆر کورد

www.c4kurd.com

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
ژمارەی متمانەی (١٦٥)ی پێدراوە

ژمارە 43

**C4kurd**
A Monthly Magazine Publication on Information Technology
No. (43) 3rd Year July 2010

گۆڤارێکی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

ژمارە (٤٣) ساڵی سێیەم تەمموزی ٢٠١٠


## پێکهاتەی سیدی دیاریی لەگەڵ گۆڤار

### بەرنامە باسکراوەکانی ئەم ژمارەیە:

- فۆڵدەری Alternate بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 9 باسکراوە.
- فۆڵدەری *Sqirlz* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 12 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *Golden* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 14 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *novaPDF* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 16 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *GBooster* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 19 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *java* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 20 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *KoKo* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 24 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *Dic* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 25 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *Mobile* چەند بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 28 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *Money* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 32 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *scavenger* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 33 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *Flash* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 35 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *iscreen* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 37 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *Tag* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 39 شیکراوەتەوە.

### ئەم دیاریانەشی تێدایە:

- فۆڵدەری *wena* کۆمەڵێك وێنەی پێکەنینی تێدایە.
- فۆڵدەری *Country* پێکهاتوە لە وێنەی وڵاتان بۆ باکگراوندی کۆمپیوتەر.
- فۆڵدەری *Music* چەند نەغمەیەکی نوێی هەڵبژاردەی لە خۆ گرتوە.
- فۆڵدەری *Games* چەند یاریەکی مۆبایلی تێدایە.
- فۆڵدەری *KGames* چەند یاریەکی کۆمپیوتەری تێدایە.
- فۆڵدەری *war2* فایلێکی پاوەرپۆینتی تایبەت بە شەڕی جیهانی تێدایە.
- فۆڵدەری *ScreenSaver* چەند سکرین سەیڤەرێکی جوانی تێدایە.
- فۆڵدەری *FIFAPic* چەند وێنەیەکی یاری تۆپی پێی تێدایە.
- فۆڵدەری *Video* چەند ڤیدیۆیەکی پێکەنینی تێدایە.

### ڤیدیۆ فێرکاریە کوردیەکانی تایبەت بە گۆڤار:

- وانەی سێهەم لە فێربوونی فرۆنت پەیج.
- وانەی دووهەم لە بارەی فەیس بووک.


خاوەنی ئیمتیاز:

**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنوسەر:

**هێمن فاتح**

مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:

**هەردەوان نەقشبەندی**

مۆبایل: 07706449565
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:

**حازم حەمەد جاف**

مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نوسەران:

**محەممەد ئەبوبەکر**
**مەهدی ئۆمەربلی**
**محەممەد مێرگەیی**
**کاروان دیبەگەیی**

دیزاین:
گروپی سی فۆر کورد

C4kurd GROUP

ناونیشانی گۆڤاری سی فۆر کورد:

هەولێر - شەقامی سوڵتان موزەفەر - بازاڕی موزەفەرییە - نهۆمی سێهەم

ژمارەی حیسابی بانکی:
هەولێر – بانکی سۆران (٥٠٤٧)

نرخی ( ٢٥٠٠ ) دینارە

( ٢٠٠٠ ) دانەی لێ چاپ دەکرێت

لە چاپخانەی (حاجی هاشم) لە چاپدراوە


بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان لە ڕێگەی ئیمەیڵ:
**np@c4kurd.com**

# لەم ژمارەیـــەدا





5 ئێتر کێشەی کاسپەرسکایت نامێنێت

6 ئاگاداربە کۆمپیوتەرە کۆنەکەت نەفرۆشیت!

7 تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پاش 10ساڵیتر چی بەسەردێت؟

8 چوار زانیاریی شاراوەی گرنگ لەسەر ویندۆز ئێکس پی

9 مژدەیەك بۆ ئەوانەی کە مۆبایلی نۆکیا N97 یان هەیە

10 پلانـدانان بۆ دامـەزرانـدن و دروستکـردنـی نێتـۆرك

12 بەرنامەیەك بۆ دروست کردنی باران بۆ سەر وێنە رەنگدانەوەی وێنە لەسەر ئاو بەشێوەی جوولاو

14 چاودێریکردنی کۆمپیوتەرەکەت لەوکاتانەی کە بەجێی دەهێڵیت

15 خێراکردنی ویندۆز 7

16 رێگایەکی ئاسان بۆ سەیڤکردنی سایتی ئینتەرنێت

17 سەرەتایەك لە بارەی بایۆس

18 چێشتخانەکانی کوردستان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا

19 بەرنامەی Game Booster بۆ خێراکردنی یارییەکان

20 داونلۆدی فایلی یوتوب + هەواڵەکان

22 زنجیرەی فێربونی مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت ٢٠٠٧

24 بەرنامەیەك مندالەکەت فێری ئینگلیزی دەکات

26 چارەسەرکردنی ئەو مۆبایلانەی بەرنامەیان لەسەر سێت ئەپ نابێت

29 لابردنی(Control Panel) بە هەمیشەیی لە لیستی (Start)

30 بەرنامەسازی بە زمانی جاڤا

32 بەرنامەیەکی کوردی بۆ زانینی دراوی وڵاتان

33 بە هۆی بەرنامەیەکەوە لە سڕینەوەی فایلەکانت مەترسە

34 هەموو وێنەکانت لە تەنها فایلێك دابنێ و جوانترین ئەلبوم بۆ دروست بکە

35 GPRS چیه؟

36 چۆنیەتی گەشەپێدانی لایەنی کۆمپیوتەر لە قوتابخانە و خوێندنگاکان

37 بەرنامەیەك بۆ وێنەگرتنی شاشەی کۆمپیوتەر

39 دانانی وێنە لەناو فایلی Mp3



## تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پاش ١٠ساڵیتر چی بەسەردێت؟ 7



## بەرنامەسازی بە زمانی جاڤا 30



## GPRS چیه؟ 35






# ئیتر کێشەی کاسپەرسکایت نامێنێت


وەرگێڕانی: کاروان چۆمانی
karwan.aa88@gmail.com

ئەنتی ڤایرۆسی kasperskay یەکێکە لەباشترین پرۆگرامەکان بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر، بەڵام زۆر جار توشی کێشە دەبین لە پاش دابەزاندنی و لە ئەکتیڤکردنی لە سەر کۆمپیوتەر، دەتوانین بەبێ هیچ بەرامبەر بەکار بێنین لەئەکتیڤکردنی بۆماوەی (serial trail number) مانگێك لەرێگای ئینتەرنێتەوە، بەڵام دوای مانگێك ئێکسپایەر دەبێت کە هیچتر ناتونی بەبێ بەرامبەر ئەکتیڤی بکەین. بەڵام بە چەند هەنگاوێك دەتوانی جارێکیتر بە خۆڕای kaspersky ئەکتیڤی بکەیتەوە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە.


سەرەتا بەرنامەی kaspersky دەکەینەوە دواتر Options < settings دواتر کلیك لەسەر Enable Self-Defense دەکەین نیشانەی سەح لادەبەین کلیك لە سەر Ok دەکەین بەرنامەکە دادەخەین.

دواتر لەکرداری Run ووشەی regedit دەنوسین و دوگمەی Enter دادەگرین.


پاشان کلیك لەسەر فۆڵدەرەکان دەکەین بە شێوەیە : HKEY_LOCAL_MACHINE > SOFTWARE > Kaspersky Lab > protected > AVP > environment پاشان فرمانەکانی بەرامبەر کلیك لەسەر ProductStatus بۆکسێکمان بۆ دەبێتەوە Release دەگۆڕین بۆ Beta هەروەکو لەم وێنەیە دیارە:





پێویستە (trail keys)ی پێشوو دیلێت بکەین کە جارێکیتر بەرنامەی kaspersky دەکەینەوە کلیك لەسەر license < License Manager کلیك لەسەر هێمای سووری x دەکەین ژمارەکە رەشدەکەینەوە وەك لەم وێنەیە دیارە:




ئینجا ئەم وێنەیەدا کلیك لەسەر Activate New License دەکەین:




ئینجا لەم وێنەیەی خوارەوە کلیك لەسەر Activate beta license کلیك Next بکە :




لە دواین هەنگاو کلیك لەسەر settings بکەو Options ئەکتیڤکردنەوەی Enable Self-Defense. بەم شێوەیە دەتوانین لەماوەی مانگێك بەشێوەی ئەکتیڤ و بە خۆڕای kaspersky بەکاربێنین. دوای یەك مانگ کە trail period بەسەر چوو، جارێکتر هەمان هەنگاوەکانی سەرەوە دەگرینەوە بەر بۆ ئەکتیڤ کردنەوەی بۆ مانگێکی تر.

تێبینی: لەکاتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکان دەبێت کۆمپیوتەرەکەمان بە ئینتەرنێتەوە بەستراو بێت.

سەرچاوە: webtrickz.com



# ئاگاداربە کۆمپیوتەرە کۆنەکەت نەفرۆشیت!

هێمن فاتح

که کۆمپیوتەری تازە دەکڕین هەوڵ دەدەین کۆمپیوتەرە کۆنەکەمان بفرۆشین. بەڵام ئەوەی دەبێت هەموان ئاگاداری بین ئەوەیە کە ئەو کەسەی کۆمپیوتەرەکەت دەکڕێت دەتوانێت هەموو زانیاریەکانت بهێنێتەوە بە نوسین و وێنەو هەموو ئەو سایتانەی کە سەیڤتکردوەتە نێو کۆمپیوتەرەکەت.

ئەم کارە بۆ کەسێك گرنگ نیە کە لە ناو کۆمپیوتەرەکەیدا شتێکی وا سەیڤ نەکراوەو تەنها یوزەرێکی ئاسایی بوەو هیچ شتێکی وای نەبوە خەڵکی تر کە بزانێت کێشەی بۆ دروست بکات. بەڵام ئەمە کارەساتە ئەگەر دەزگایەکی ئاسایش یان هەر شوێنێك کە کۆمپیوتەرەکانیان شتی گرنگی تێدا بێت و کۆمپیوتەرە کۆنەکەیان بفرۆشن. ئەوکات بە بەرنامەی تایبەت هەموو زانیاریەکان دەگەڕێننەوەو دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ کاری تایبەتی خۆیان.



ئەی باشە ئەو دەزگایانە چی بکەن و ئایا دەبێت هەموو کۆمپیوتەرە کۆنەکانیان بهێڵنەوەو نەیان فرۆشن؟ کە ئەمەش کارێکی گونجاو نیە.

بەڵام لێرەدا گرنگی لە کۆمپیوتەرەکەدا نیە ئەوەندەی گرنگی لە هاردی کۆمپیوتەرەکەدایە. چونکە تۆ هەموو ئەو شتانەی کە هەیە لە نێو هاردی کۆمپیوتەرەکەت سەیڤ دەبێت. بۆیە کارە ترسناکەکە لە هاردەکەدایە. بۆیە پێشتر دەزگاهەواڵگرە ئەمریکیەکان هەڵدەستان بە شکاندنی هاردەکانیان دوای ئەوە کاریان پێی نەدەما.

من تا ئێستا چوارجار کۆمپیوتەرم فرۆشتوە هەر چوار جارەکە هاردەکەیم لێکردوەتەوەو ئەوجا بە بێ هارد فرۆشتومە. کە ئەمەش وای لێکردوم ببمە خاوەنی چوار هاردی دەرەکی کە نازانم چیان لێ بکەم.

ڕەنگە بپرسین ئەگەر کۆمپیوتەرەکەشمان فۆرمات بکەینەوە پێش فرۆشتنی هەر هەلی هێنانەوە فایلەکانمان هەیە؟ بێگومان بەڵێ ئەگەر نەك جارێك چەند جارێکیش فۆرمات بکرێتەوە هەر دەتوانرێت بە ئاسانی داتاکانی بێتەوە.

لەبەر ئەوەی ڕۆژانە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لە ئەنجامی هەر هەڵەیەك فایلەکانیان ڕەش دەبێتەوە یاخود بە هەڵە فۆرمات کردنی کۆمپیوتەر دەبێتە هۆی لە کیس چونی زۆرێك لە فایل و داتاکان. بۆیە زۆرێك لە کۆمپانیاکان پێشبرکێ دەکەن لە دروستکردنی باشترین بەرنامە بۆ هێنانەوەی فایلە ڕەش کراوەکان. کە کێشەکە لەوەوە دەست پێ دەکات. واتە گرنگی کارەکە لەوەدایە کە کەسێك داتاکانی نێو کۆمپیوتەرەکەی ڕۆشتوەو دەیەوێت بیان هێنێتەوە. نەك یەکێك داتاکانی نێو کۆمپیوتەرەکەی ڕەش بکاتەوەو نەیەوێت کەس بیهێنێتەوە.

هەر بۆیە بەرنامەکانی هێنانەوەی فایل زۆر زۆرەو بەڵام بەرنامەکانی وا لە هارد کردن کە داتاکان بفەوتێنێت و بە یەکجاری نەیەتەوە زۆر کەمە. کە بەشی دوهەم وامان لێ دەکات کە نەوێرین کۆمپیوتەرە کۆنەکانمان بفرۆشین یان دەبێت هاردەکانی لێ کەینەوە یان هاردەکان بشکێنین.

لەگەڵ ئەمەشدا چەند بەرنامەیەك هەیە کە وا لە هارد دەکات بە تەواوی ڕەشی بکاتەوەو نەیەڵێت بەرنامەکانی ریکەڤەری تایبەت بە هێنانەوەی داتا بیان هێنێتەوە. بەڵام زۆربەیان بەهێز نین و ناتوانن خۆیان لە ئاستی کۆمپانیاکانی تردا ڕابگرن.

با لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم بابەتە تەنها بزانین کێشەمان بۆ دروست دەبێت لەکاتی فرۆشتنی کۆمپیوتەرە کۆنەکان. و لە ژمارەی داهاتوو هەوڵ دەدەین باسی بەرنامەیەکی زۆر باش بکەین کە وا دەکات هیچ بەرنامەیەك نەتوانیت فایلەکانت لە نێو هاردەکە بهێنێتەوەو بەبێ ترس کۆمپیوتەرەکەت بفرۆشیت.

www.c4kurd.com



# تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پاش 10ساڵیتر چی بەسەردێت؟

هەردەوان نەقشبەندی ـ قوتابی ماستەر

ئەو پێشکەوتنە خێراو بەردەوامەی بەسەر تەکنەلۆژیای زانیارییەکاندا دێت، ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی تاوەکو دە ساڵی دیکە تەکنەلۆژیای زانیاری بگاتە بارودۆخێکی جیاواز و چاوەڕێ دەکرێت گەشەکردنێکی یەکجار گەورە بەخۆیەوە ببینێت، بۆیە بەپێویستمزانی لەم بابەتەدا هەندێك لەو پێشبینیانە بخەینەڕو.

پێش ئەوەی باس لەو پیشبینیانە بکەین کە لە پاش دە ساڵیتر بەسەر تەکنەلۆژیای زانیارییەکاندا دێت، پێویستە لەوە بدوێین کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی نوێی ئەم دواییە پێوانەیەکی نوێیان بەکەسانی بەکارهێنەرانی ئای تی ئاشنا کرد کە ئەویش بریتیە لە یەکەی زێتابایت "Zettabyte" بۆ پێوانە کردنی قەبارەی میمۆری بەکاردێت، کە (یەك زێتابایت دەکاتە یەك تریلیۆن گێگابایت) واتە بەمشێوەیە (1,000,000,000,000,000,000,000bytes=1Zettabyte) . زۆربەی زانایان و داهێنەرانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری سەرقاڵی چاودێری کردنی گەشەکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری دەکەن، داهێنەران بەردەوام لەو ژمارانە دەکۆڵنەوە کە تەکنەلۆژیای زانیاری لەجیهاندا بەرهەمی هێناون، یەکێکیش لەو ژمارانە قەبارەی میمۆرییەکانی سەرجەم جیهانە کە ئایا بەکۆی هەموو ئامێرو کۆمپیوتەرەکان و قەبارەی میمۆرییەکانی جیهان چەندە؟ تاوەکو لەم رێگەیەوە گەشەکردنی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری بەنزیکراوەیی بزانن. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمپانیای (EMC) و دەزگای (IDC) توێژینەوەیەکیان ئەنجامداوە، لەو توێژینەوەیەشدا دەرکەوتووە لە ساڵی 2009دا، بەکۆی هەموو ئامێرەکانی جیهان 800 ملیار گێگابایت بەکارهاتووە کە دەکاتە (0.8) زێتابایت.

پێشبینی دەکرێت لەساڵی 2010شدا ئەو ژمارەیە زۆر زیاد بکات بەجۆرێك کۆی سەرجەم میمۆریەکانی بەکارهاتووی جیهان بگاتە (1.2) زێتابایت واتە یەك تریلیۆن و دووسەد ملیۆن گێگابایت، ئەگەر ئەم ژمارەیە یەکسان بکەین بەچەند بابەتێکی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان ئەوا:

1. دەتوانرێت بەو قەبارەی میمۆرییە زانیاری کۆی دانیشتوانی سەر زەوی بەناوی سەرجەم ناوی دانیشتوان و ناوی خێزانەکانیشی پێ تۆمار بکرێت بۆ ماوەی سەد ساڵ بەبێ ئەوەی هیچ داتایەك بسڕیتەوە.



2. دەتوانرێت بە کۆی ئەو میمۆریانە زنجیرە بەناوبانگی تەلەفزیۆنی (24) ی تێدا سەیڤ بکرێت و دواتر پەخش بکرێت و بۆماوەی 125ملیۆن ساڵ بەبێ بچڕاندن و دووبارە بونەوە.

3. ئەو ژمارەیە یەکسانە بەقەبارەی میمۆری 75ملیار ئامێری (ئای پادی 16گێگابایتی).

4. دەتوانرێت لەو میمۆرییەدا 707 ترلیۆن لەپەرتووکی یاسای پاراستن و چاودێری تەندروستی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای تیادا هەڵبگیرێت کە قەبارەی یەك کتێبی 2000 لاپەڕەیە، ئەگەر ئەو 707 ترلیۆن پەرتووکە چاپ بکرێت و بخرێتە سەر یەك ئەوا 16جار دەگاتە هەسارەی بلۆتۆ و دەگەڕێتەوە.

بەو پێیەش چاوەڕوان دەکرێت هەموو ساڵێك بۆ ساڵێکی دواتر ڕێژەی گەشەکردنی میمۆری بەکارهاتوو بگاتە لە 33% ، بەهۆی ئەو گەشەکردنەوە چاوەڕێ دەکرێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری هەبێت، هەر بۆیە کۆمپانیای (EMC) و دەزگای (IDC) پێشبینی دەکەن لەساڵی 2020دا تەکنەلۆژیای زانیاری بگاتە ئاستێکی زۆربەرزو 45ئەوەندەی ئێستای تەکنەلۆژیای زانیاری پێشبکەوێت، ئەگەر تەکنەلۆژیای زانیاری بەو ڕێژەیە پێش بکەوێت کەواتە 45 ئەوەندەی ئێستا مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانمان پێشکەوتووتر دەبن و خێرایی ئینتەرنێت و گواستنەوەی داتا 45 ئەوەندەی ئێستا خێراتر دەبێت و 45 ئەوەندەی ئێستاش ئامێری ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو بەرهەم دەهێنرێت.

www.c4kurd.com



# چوار زانیاریی شاراوەی گرنگ لەسەر ویندۆز ئێکس پی


کاروان دیبەگیی- قوتابی ماستەر
karwandbg@yahoo.com

1-(systeminfo): یەکێکە لەو کۆماندانەی کە چەندین زانیاری پیشانی بەکارهێنەر دەدات وەکو جۆرو ڤێرژن و کاتی دابەزاندن و ماوەی ئیش کردنی (operating System)و هەروەها (product ID)و مۆدێل و مارکەی کۆمپیوتەرەکەت و چەندەها زانیاری گرنگی تر کە دەتوانی بەئاسانی لەرێگەی ئەم کۆماندەوە بزانیت. بۆئەنجامدانی ئەو کارەش دەبێت بچیتە Start >Run >cmd>systeminfo

ئەگەر بەو شێوەیەت نوسی ئەوا هەر لەناو دۆس سەرجەم زانیارییەکانت پیشان دەدات، بەڵام ئەگەر ویستت ئەو زانیاریانە خەزن بکەیت لەناو تێکست فایلێك، دەبێت بەم شێوەیە بینوسیت


Start >Run >cmd>systeminfo>info.txt

لێرەدا سەرجەم زانیارییەکانت بۆ خەزن دەکات لە فایلێکی تێکست، بۆ بینینەوەی فایلەکەشت دەچیتە ئەو directory کە کۆماندەکەت لێ جێبەجێ کردووە. بۆ نموونە کاتێك دەچیتە ناو cmd یەکسەر خۆی ئۆتۆماتیکی لەناو (C:\Documents and Settings\Administrator) کە کۆماندەکە دەنوسیت و جێبەجێی دەکەیت، هەر لەو directory یەش فایلێکی تێکست دروست دەکات بەناو info کە سەرجەم زانیارییەکانی تێدایە هەروەك ئەم وێنەیە:




2-چۆنیەتی چوونە ناو ویندۆز بە ئەوەی داوای User وPassword ی لەکاتی logon بۆ ئەم مەبەستە دەبێت کلیك لە Start>Run>control userpasswords2

دوای ئەوەی کە ئەو کۆماندت نوسی لە run ئەو وێنەیە ئەوبەر بەدیار دەکەوێت. بۆ ئەوەی لەکاتی چوونە ناو ویندۆز چیتر داوای User وPassword نەکات پێویستە نیشانەی راستی ناو لاکێشەکەی سەرەوە لاببەین، هەرکاتێکیش ویستمان پیشانی بدەین دەبێت نیشانەی ناو لاکێشەکەی سەرەوە دابنێینەوە هەروەك وێنەی سەرەوە.




3-چۆنیەتی لابردنی ئایکۆنی (Shared Documents) لەناو (My computer):

بۆ لابردنی ئایکۆنی Shared Documents هەروەك لەو وێنەیەی خوارەوە دیارە:





پێویستە بچیتە ریجیستەر ئەو هەنگاوانە ئەنجام بدەیت

Start\Run\Regedit\HKEY_LOCAL_MACHINE\ \SOFTWARE\Microsoft\Windows\CurrentVersion \Explorer\MyComputer\NameSpace\DelegateFolders

دوای گەیشتنت بەو شوێنە پێویستە بەدوای Sub- Key یکدا بگەڕێیت بەناوی {59031a47-3f72-44a7-89c5-5595fe6b30ee}

ئینجا دەست نیشانی بکەو رەشی بکەوە.




دواتر برۆ ناو (My computer)ەکەت کلیکی راست بکەو (Refresh)ی بکە دەبینیت ئایکۆنەکە نامێنێت.

4-چۆنیەتی دروست کردنی (private folder)

دروستکردنی ئەم جۆرە فۆڵدەرە تەنها لە ناو درایڤی سیستەم دەکرێت، واتا ئەو درایڤەی کە ویندۆزەکەی دابەزێنراوەتە ناو، هەروەها مەبەستیش لە دروستکردنی ئەم فۆڵدەرە بۆ پاراستنی نهێنیەکانی خۆتە کە دەتوانی هەرچی فایلی تایبەتی و کەسی خۆت هەیە بیخەیتە ناوی بەڵام دەبێت Account کەشت پاسۆردی هەبێت بۆ ئەوەی هەرکاتێك کەسێك هاتە سەر کۆمپیوتەرەکەت نەتوانێت بچێتە ناو ئەو فۆڵدەرە تایبەتیە، زۆر جاری وا هەیە کۆمپیوتەرەکەت پێکردووە بەجێی دەهێڵیت کاتێك کەسێك دێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت بەهیچ شێوەیەك ناتوانی ئەو فۆڵدەرە تایبەتیەت بکاتەوە. بۆ دروست کردنیشی دەبێت بچینە ناو درایڤی C:\Documents and Settings\Administrator لێرە مەرج نیە هەر Administrator بێت دەتوانیت بچیتە ناو هەر یوزەرێك کە خۆت دروستت کردووە، ئینجا چ فۆلدەرێکی نوێ دروست بکەیت یاخود هەر فۆلدەرێکی تر لە ناو ئەو directory دەتوانی کلیکی راستی لەسەر بکەیت و Properties هەڵبژێریت، دواتر دەچیتە سەر تابی Sharing هەروەك لەوێنەکەدا دیارە. کلیك لەناو ئەو لاکێشە بچوکەی سەرەوە دەکەیین کە نووسراوە (Make this private folder) بۆ دەست نیشان کردنی ئەو فۆلدەرە وەکو فۆلدەری تایبەتی و کەسی خۆمان.







# مژدەیەك بۆ ئەوانەی کە مۆبایلی نۆکیا N97 یان هەیە

عەبدوڵلا فایەق عالایی
Allay91 abdulla@yahoo.com



نۆکیای N97 کێشەی نەخوێندنەوەی پەرتوکی ئەلیکترۆنی یاخود بڵێین فایلی (pdf) هەیە کە دەبێت بە بەرنامەیەکی تایبەتی دەبێت ئەو کارە بکەیت، هەر بۆیە ئەوانەی کە خاوەنی ئەم جۆرە مۆبایلەن بەدەم ئەم کێشەوە دەیان ناڵاند، دواتر دەرکەوت کە ئەم جۆرە مۆبایلە پێویستی بە بروانامە(شەهادە) هەیە تاوەکو (کۆدەکان)ت چنگ کەوێ، بەڵام شێوازی بە دەستهێنانی بروانامە بۆ ئەم مۆبایلە زۆر ئاڵۆزە و پێگەکە بەزوبانی صینیە، بەڵام Alternate Reader ئەو کێشانەی هەمووی چارە دەکات.




کارپێکردنی ئەم بەرنامەیە زۆر ئاسانە، پاش ئەوەی لە مۆبایلەکەت جێگیرکرد، دەیکەیتەوە و داوای (open File) لێدەکات جا تۆ کامە پەرتوکت دەوێت بۆت دەکاتەوە، ئەم بەرنامە چەندان تایبەتمەندی تریشی تیایە کەدەتوانم بڵێم لە (adobareadar)ی خۆی چاکترە، ئەگەر فایلێکی تایبەت بە پەرتوك و ناونانی بە (پەرتوکخانە) یاخود (کتێبخانە) دروستبکرێت کارئاسانیە بۆ گەران بەدوای پەرتوکەکانتان.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Alternate) هەیە.



# پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرک

ئەندازیار حازم حەمەد جاف

- بەشی ١٦ -

لەم بەشەماندا لە درێژەی باسەکانمان دەربارەی پلاندانان بۆ نێتۆرکینگ باس لە سەبنێتینگ (Subnetting) دەکەین..


سەبنێتینگ بە واتای دابەشکردنی نێتۆرك بۆ نێتۆرکی بچوکتره. زۆرجار ئێمە پێویستمان بە ژمارەیەکی دیاری کراوە لە ناونیشان (IP) بۆ نێتۆرکێکی دیاریکراو، پێویست ناکات ئێمە ژمارەیەکی زۆر ناونیشان بۆ ئەو نێتۆرکە بچوکە دابین بکەین و ژمارەیەکی زۆر لە ناونیشان بەفیرۆ بدەین بەتایبەت کاتێك کە ناونیشانە گشتیەکان (Public or Real IPs) بەکاردەهێنین کە وەکو پێشتر باسمان کردبوو کە ئەم ناونیشانانە بە پارەن و تێچوویان دەوێت.

لە ڕێگەی سەبنێتینگەوە دەتوانین چەند نێتۆرکێکی بچووك لە تەنها بلۆکێك ناونیشان دروست بکەین. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە ئەم بلۆکە ناونیشانەمان هەبێت (192.168.1.0/24) ئەوا دەتوانین کۆمەڵێك نێتۆرکە بچووکتری لێ دروست بکەین کە دواتر باسی لێوە دەکەین. بەتایبەت کاتێك ئێمە (راوتەر – Router) لە نێتۆرکەکەمان بەکاربهێنین ئەوا بۆ هەر ئینتەرفەیسێك پێویستە (نێتۆرك ئای دی- Network ID) یەکی تاکانەی هەبێت.

لە بەشەکانی پێشوو باسمان لەوە کرد کە هەر ناونیشانێك (IP) لە چوار بایت پێکهاتووەو هەر ناونیشانێکیش پێویستە سەبنێت ماسکی لەگەڵ بێت، بەهەمان شێوە سەبنێت ماسکیش لە چوار بایت پێکهاتووەو هەر بایتێکیش لە (8) بت. هەروەها باسمان لەوە کرد کە لە سەبنێت ماسکدا (1)ەکان هێمان بۆ بەشی نێتۆرك و (0)کانیش هێمان بۆ بەشی هۆست.

جا بۆ دروست کردنی هەر سەبنێتێك پێویستمان بە (قەرز کردنی (بت)ێك هەیە لە بەشی هۆست، و لە جێگای هەر (0)ێك لە بەشی هۆست کە (قەرز) کراوە ئێمە دێن (1) دادەنێن واتا بەشی نێتۆرك (Network Portion) دەکەین و بەشی هۆست (Host Portion)کەم دەکەین. هەر (1) بت کە قەرزی دەکەین دەتوانین (2) نێتۆرکی لێ دروست بکەین، ئەگەر (2)بتمان قەرز کرد ئەوا دەتوانین (4) نێتۆرکی لێ دروست بکەین. کەواتە هەر (بت)ێك دوو ئەوەندە نێتۆرکی لێ دروست دەکرێت و لە هەمان کاتدا هەر (بت)ێك کە قەرز دەکرێت لە بەشی هۆست دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ژمارەی هۆستەکانی.

ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد لەخوارەوە بە نموونەیەك ڕوونی دەکەینەوە:




لە وێنەی سەرەوەدا راوتەری (A)مان هەیە کە (دوو) ئینتەرفەیسی هەیە کە هەریەکێکیان پێویستە بە نێتۆرکێك ببەسترێتەوە، کەچی دەبینین ئێمە تەنها یەك بلۆکی کۆمەڵەی (C)مان هەیە و تەنها یەك (نێتۆرك ئای دی)مان هەیە ئەویش (192.168.1.0/24)ە. ئێمە هەڵدەستین بە دروستکردنی دوو نێتۆرکی بچووکتری هاوشێوە لە ژمارەی هۆست لە ڕێگەی سەبنێتینگەوە، ئەویش لە ڕێگەی قەرزکردنی تەنها یەك (بت) لە بەشی هۆست بۆ بەشی نێتۆرك. بە قەرزکردنی ئەم (بت)ە دەبینین (دوو) نێتۆرکمان بۆ دروست دەبێت بە سەبنێت ماسکی (255.255.255.128) واتا پریفێکسی (/25) لە جیاتی (255.255.255.0) واتا پریفێکسی (/24).

لێرەدا دەبینین کاتێك ئێمە (یەك) نێتۆرکمان هەبوو ژمارەی هۆستەکان (254) هۆست بوو لە (1) تاکو (254) ، بەڵام کاتێك کردمان بە (2) نێتۆرك ئەوا هەر نێتۆرکێك ژمارەی هۆستی دەبێتە (126) هۆست.

## یاساکانی دۆزینەوەی سەبنێتینگ:

بۆ دۆزینەوەی ژمارەی سەبنێت و ژمارەی هۆستەکان لە هەر سەبنێتێکدا دوو یاسامان هەیە:

1- یاسای دۆزینەی ژمارەی سەبنێت:

ژمارەی سەبنێت= n^2 واتا (2) توانی (n) ،

www.c4kurd.com


کاتێك (n) بریتی بێت لە ژمارەی (بت)ی قەرزکراو.
لەم نموونەی خۆماندا:
ژمارەی (بت)ی قەرزکراو یەکسانە بە (1). کەواتە:
ژمارەی سەبنێت = 2 ^ 1 = 2
-2 یاسای دۆزینەوەی ژمارەی هۆست:
ژمارەی هۆست بۆ هەر نێتۆرکێك =
2^m - 2
، کاتێك (m) بریتی بێت لە ژمارەی (بت)ی ماوە لە بەشی هۆست.
لە نموونەی خۆماندا:
ژمارەی (بت)ی ماوە لە بەشی هۆست یەکسانە بە (7)،
کەواتە: ژمارەی هۆست بۆ هەر نێتۆرکێك = 2 ^ 7 – 2 = 128 – 2 = 126

هەروەها یاسایەکی تریشمان هەیە بۆ دۆزینەوەی بلۆك سایز (Block Size) کە پێویستمان پێی دەبێت لە سەبنێتینگدا کە دواتر باسی لێدەکەین، یاساکەش بەم شێوەیەیە:
بلۆك سایز = 256 – سەبنێت ماسك
لەم خشتەی خوارەوەش دەبینین (2) سەبنێتمان بۆ دەرچووە یەکێکیان (0) ئەویتریشیان (1)، ناونیشانی نێتۆرکەکان یەك بەدوای یەك (192.168.1.0/25) و (192.168.1.128/25)، و بواری هۆستەکانیش (192.168.1.1 تاکو 192.168.1.126) و (192.168.1.129 تاکو 192.168.1.254) هەروەها ناونیشانەکانی برۆدکاست بۆ هەردوو سەبنێتەکە (192.168.1.127) و (192.168.1.255). بێ گومان وەکو پێشتر باسمان لێوەکردووە کە ناونیشانەکانی نێتۆرك

خشتەی ناونیشانەکانی هەردوو نێتۆرك

| Subnet | Network address | Host range | Broadcast address |
|---|---|---|---|
| 0 | 192.168.1.0/25 | 192.168.1.1 - 192.168.1.126 | 192.168.1.127 |
| 1 | 192.168.1.128/25 | 192.168.1.129 - 192.168.1.254 | 192.168.1.255 |

و برۆدکاست لە (IPv4) ناتوانرێن بۆ هۆست بەکاربهێنرێن.
لێرەدا نموونەیەکی تریش باس دەکەین بۆ ئەوەی زیاتر




روون ببێتەوە.
لە وێنەی سەرەوە دەبینین کە (2) (بت)مان قەرز کردووە لە بەشی هۆست، کەواتە دەتوانین (4) سەبنێت دەست بخەین.
لێرەدا:
ژمارەی سەبنێت= 2^n
ژمارەی (بت)ی قەرزکراو یەکسانە بە (2). کەواتە:
ژمارەی سەبنێت = 2 ^ 2 = 4
ژمارەی هۆست بۆ هەر نێتۆرکێك =
2^m - 2
ژمارەی (بت)ی ماوە لە بەشی هۆست یەکسانە بە (6)،
کەواتە: ژمارەی هۆست بۆ هەر نێتۆرکێك = 2 ^ 6 – 2 = 64 – 2 = 62

لە خشتەی خوارەوە ژمارەی نێتۆرك و هۆست و ناونیشانی نێتۆرکەکان و برۆدکاستەکان دیاریی کراوە:


خشتەی ناونیشانەکانی هەر (4) نێتۆرك

| Subnet | Network address | Host range | Broadcast address |
|---|---|---|---|
| 0 | 192.168.1.0/26 | 192.168.1.1 - 192.168.1.62 | 192.168.1.63 |
| 1 | 192.168.1.64/26 | 192.168.1.65 - 192.168.1.126 | 192.168.1.127 |
| 2 | 192.168.1.128/26 | 192.168.1.129 - 192.168.1.190 | 192.168.1.191 |
| 3 | 192.168.1.192/26 | 192.168.1.193 - 192.168.1.254 | 192.168.1.255 |

لەو دوو نمونەی کە باسمان کرد بینیمان کە ژمارەی هۆستی سەبنێتۆرکەکان یەکسانن (126 بە 126) لە نموونەی یەکەم و (62) هۆست بۆ هەریەکە لە (4) سەبنێتۆرکەکان. لە بەشی داهاتوو هەوڵ دەدەین باس لە ڕێگەیەکی تری دۆزینەوەی سەبنێت بکەین و ژمارەی هۆستەکانیش جیاوازبن لە هەر سەبنێتۆرکێك.




www.c4kurd.com




# بەرنامەیەك بۆ دروست كردنی باران بۆ سەر وێنەو ڕەنگدانەوەی وێنە لەسەر ئاو بەشێوەی جولاو


مەهدی هادی ئۆمەربلی
mahdawy4@yahoo.com


بەرنامەی Sqirlz Water Reflections چەند فلتەرێکی جوانی باران بارین بۆ سەر وێنەو هەروەها ڕەنگدانەوەی وێنە لەسەر ئاو بۆنمونە تۆ وێنەیەکت هەیە دەیبەیتە ناو بەرنامەی فۆتۆشۆپ بۆ ئەوەی لەگەڵ وێنەیەکی تر تێکەڵی بکەی کە وێنەی دووەم بۆ نمونە وێنەی دەریایەکە دواتر بیهێنە ناو ئەو بەرنامە بۆ ئەوەی وێنەی دووەم لەناو دەریاکە وەك کاریگەری ئاو بجولێتەوە تیایدا، بەرنامەیەکی سادەو ئاسانە بەرامبەر ئەو بەرنامە بەهێزانەی کە بەماوەیەکی زۆرو سەلیقەیەکی زۆر کە ئەم کارەیان پێدەکرێت، هەروەها دەتوانیت ئەو وێنەی کە ئەم کارەی لەسەر ئەنجام دەدەی بەسێ شێوە سەیڤی بکەی وەك Avi Gif , Flash movie.

سەرەتا بەرنامەکە دادەبەزێنین، دواتر کلیکی ئایکۆنی بەرنامەکە دەکەین بۆ بوونەوەی پەنجەرەی سەرەکی بەرنامەی Sqirlz Water Reflections لەشریتی سەرەکی ئەو بەرنامەیە لەسەرەوە کلیك دەکەین لەسەر بووتونی Open بۆ هێنانەی وێنەیەك کە مەبەستمانە ئەو کارەی بۆ ئەنجام بدەین





دوای هێنانی وێنەکە کلیك دەکەین لەسەر هەریەك لەو بووتونانەی کەلەسەرەوەی بەرنامەکە لەسەر شریتی سەرەکی بەرنامەکە ریزکراون هەر یەکەیان کاری سەرنج ڕاکێش ئەنجام دەدەن





سەرەتا لەلای چەپی بەرنامەکە کە لەسەر شریتی Toolbar کلیکی ئەو بووتونە دەکەین کە شێوەی بازنەیەکی هەیە بۆ سەلێکت کردنی ئەو شوێنەی مەبەستمانە لەوێنەکە کە کاریگەریەکی لەسەر ئەنجام بدەین.

دواتر هەڵدەستی بە هەڵبژاردنی فلتەرکان هەریەك لەو فلتەرانە هەڵیدەبژێری ویندۆیەکی تایبەت بەو فلتەرەت بۆ دەبێتەوە بە ئارەزووی خۆت خێرایی و لەسەرخۆی جووڵە کە ڕێك دێخی یان بە شێوەیەکی تر بڵێن دەتوانی گشت ئەو تایبەتمەندیانەی کە بەرنامە داناوە بۆ هەر یەك لەو فلتەرانە تاقی بکەیەوە، هەرکاتیك ویستت کارەکە نمایش بکەی پێش ئەوەی سەیڤی بکەی هەر لەسەرەوەی ئەو ویندۆیەی کە تایبەتمەندیەکانی تێدایە وێنەی سەهمێکی هەیە کلیکی دەکەی




دواتر بۆ سەیڤ کردنی کارەکەمان بەکلیك کردن لەسەر هەریەك لەو بووتونانەی لیستی سەرەکی کە دەتوانی بەشێوەی فلاشی یان ڤیدیۆیی یانیش وێنەی جولاو سەیڤی بکەی




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Sqirlz ) هەیە.







نرخی دی ڤی دی 9 گێگا
(DVD 9 G)
پرۆگرامەکانی 2010
تەنها بە (1000) دینار
بە بەردەوامی
فۆڕماتکردن تەنها بە
(5000) دینار





www.c4kurd.com



# چاودێریكردنی كۆمپیوتەرەكەت لەوكاتانەی كە بەجێی دەهێڵیت

زەكەریا عەلی - مامۆستای پەیمانگای كۆمپیوتەری هەولێر
zakaria4it@yahoo.com

زۆرجار ئێمە لە شوێنێك یاخود لەماڵەوە كاردەكەین دوای خۆمان كەسانی تر دێن و كۆمپیوتەرەكەمان بەكاردەهێنن، جۆرەها پرۆگرام و وێنەو ئینتەرنێت و مۆسیقاو شتی تر بەكاردەهێنن جا بۆ ئەوەی ئێمە چاودێری كۆمپیوتەرەكەمان بكەین و بزانین كام شتە بەكاردەهێنرێت لەسەر كۆمپیوتەرەكەمان و گشت ئەو كارانەمان بۆ تۆماربكات كە كەسانێك دەیكەن لەسەر كۆمپیوتەرەكەمان. بۆ ئەم كارەش پرۆگرامی Golden Eye هەڵدەستێت بە تۆماركردنی گشت كارەكان.

سەرەتا دوای دابەزاندنی پرۆگرامەكە هەنگاو بەهەنگاو دەڕۆین وەكو هەر پرۆگرامێكی ئاسایی تر پاشان ویندۆزی سەرەكی پرۆگرامەكە دەبێتەوە وەك لە وێنەی (1) دا ڕوونكراوەتەوە.




وەك لەوێنەی (1) دا دەبینین یەكەم بەش لە بەرنامەكە بریتیە لە (general) كە ئەویش لە خوارەوە لەچەند بەشێك پێك هاتووە وەكو:

1- Start Monitoring واتە دەست كردن بە كرداری چاودێری كردنەكە.

2- Stop بۆ وەستاندنی بەرنامەكە.


3- Hide واتە شاردنەوەی ڕووكاری بەرنامەكە.

4- Help یارمەتی بەكارهێنەر دەدات لەسەر بەرنامەكە.


5- Register واتە تۆماركردنی بەرنامەكە.

6- Exit واتە دەرچوون لە بەرنامەكە.


بەشی دووەمی پرۆگرامەكە بریتی لە (Report) كە بەشی سەرەوەی كلیك لەسەر ALL دەكەین واتە هەموو شتێكمان بۆ تۆمار بكات. وەك وێنە (2)




بەشی سێیەم لە پرۆگرامەكە كەبریتی یە لە (Monitoring) كە تایبەتە بە ڕێكخستنی چۆنیەتی چاودێری كردنەكە، وەك لەوێنەی (3) ڕوونكراوەتەوە.



پاشان بەشی چوارەم دێت لە پڕۆگرامەكە كە بریتیە لە (Option) واتە ئامادەكاری پڕۆگرامەكە كە ئەویش لە وێنەی (4) دا ڕوونكراوەتەوە.




دوابەش دەمێنێت لە پڕۆگرامەكە (About) كەتایبەتە بە ڕونكردنەوە لەبارەی پڕۆگرامەكە وەكونوێكردنەوەی بەرنامە Update و لابردنی بەرنامەكە بەتەواوی Uninstall وەك وێنەی خوارەوە نیشان دراوە.




ئێستا ئەگەر تۆ بتەوێت بەرنامەكە بكەیتەوە ئەوا دەبێت دەست بەم دوگمانەی كیبۆردەكەت بنێیت Ctrl+Alt+Shift+p ئەوكات بەرنامەكەت بۆ دەكاتەوە سەیر دەكەیت بزانیت لەسەر كۆمپیوتەرەكەت چی كراوە.

زۆرجار ئامۆژگاری باوكان دەكرێت بۆ بەكارهێنانی ئەم بەرنامەیە بۆ چاودێریكردنی منداڵەكانیان، تاكو ئاگایان لێیان بێت و نەكەونە هەڵەوە.


تێبینی: پڕۆگرامەكە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Golden) هەیە.

# خێراكردنی ویندۆز 7


ڕێبین ئازاد
rebintiger2@ymail.com




ئەم دوو هەنگاوە وا لە ویندۆز 7 دەكات كە خێراتر كار بكات. سەرەتا كلیك لەسەر دوگمەی ستارت دەكەین و دەچینە سەر بەشی control Panel پاشان بەشی System and Security دەكەینەوە دواتر كلیك لەسەر بەشی Power Option دەكەین یەكەمجار كلیك لەسەر سەهمە بچووكەكە دەكەین بۆ دیارخستنی گشت بەشەكان پاشان شێوازی High Performance دیاری دەكەین وەك لە وێنەی 1 دیارە:





هەنگاوی دووەم بە هەمان شێوە دەچینە ناو كۆنترۆل پەنەڵ بەڵام ئەمجارە بەشی User Accounts and Family Safety دەكەینەوە لەم ویندۆیەی دەكرێتەوە دەچینە سەر بەشی User Accounts وە لە هەنگاوی دواتر دا دوایین بەش هەڵدەبژێرین وەك لە وێنەی 2 دیارە :




ئەم بەشە بریتیە لەوەی كاتێك بەرنامەیەك دادەبەزێنیت ئەوا ویندۆز داوای ڕێگەپێدان دەكات بۆیە واباشترە ئەم كردارە لەكاربخەی بە هێنانە خوارەوەی بۆ نزمترین ئاست وەك وێنەی 3 :




دوای ئەو كردارانە كۆمپیوتەرەكە ریستارت بكەوە دەبینیت ویندۆزەكە بە شێوەیەكی خێراتر كاردەكات




# ڕێگایەکی ئاسان بۆ سەیڤکردنی سایتی ئینتەرنێت




ئا: محەممەد مێرگەیی
muhamada4@yahoo.com

ڕۆژانـە سـەردانی ژمارەیەکی زۆری لاپـەڕەی سایتەکانی ئینتەرنێت دەکەین، بۆیە زۆرجـار بابەت و هـەواڵ و وانەی جۆراوجۆر و سوودبەخش دەبینین، کە ئـارەزوو دەکەین لە لای خۆمان سەیڤیان بکەین و هەڵیانگرین، تاکو لەکاتێکی تردا بگەڕێینەوە بۆیان. لەوانەیە یەکێك لەو ڕێگایانەی کە زۆربـەمـان بۆ ئـەم مەبەستە بـەکاری دەهێنین، بریتییە لە سەیڤکردن بەهۆی فەرمانی Save As، بەڵام بە بەرنامەی novaPDF Professional Desktop v7 دەتوانین لاپەڕەی سایتەکانی ئینتەرنێت بەشێوەی PDF سەیڤ بکەین و لەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنین، ئەمەش بێئەوەی لاپەڕەکە یان وێنە و زانیارییەکانی ناوی، کوالێتییەکیان لەدەست بدەن.

بەرنامەکە وەکو هەموو بەرنامەکانی تر بە ئاسانی سێت ئەپ دەبێت.

## چۆنیەتی گۆڕینی لاپەڕەکانی وێب بۆ فایلێکی PDF بە ئاسانی:

ـە بەکارهێنانی بـەرنـامـەی novaPDF Profession- al Desktop v7 لەناو پرینتەرێکی ئیفتیرازی گریمانەیی لەناو سستەمی ئیشپێکردن دروست دەبێت و لەکاتێکدا بمانەوێت لاپەڕەکانی سایتێك بگۆڕین بۆ فایلێکی شێوەی PDF ئەوا تەنها هەڵدەستین بە چاپکردنی لاپـەڕەکە و هەڵبژاردنی




پرینتەری بەرنامەی novaPDF تاکو لاپەڕەکە زۆر بە ئاسانی و بەشێوەی فایلێکی PDF دەربچێت.

دوای سێت ئەپکردنی بەرنامەکە، لەکاتی کردنەوەی لاپەڕەی هەر سایتێك کە بمانەوێت بیگۆڕین بۆ PDF ئەوا یان لەسەر کیبۆرد دوگمەکانی CTRL + P پێکەوە دادەگرین، یاخود لە لیستی Print > File، ئینجا لە بەشی Select Printer دا پرینتەری جۆری novaPDF دەست نیشان دەکەین، ئینجا کلیك لەسەر print یان ok دەکەین. بەمشێوەیە لاپەڕەی سایتەکە دەگۆڕێت بۆ فایلێکی جۆری PDF و یەکسەریش دەکرێتەوە.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (novaPDF) هەیە.


ریکلامێک لە سی فۆر کورد تەنها 25 هەزارە
بە تەنها 25 هەزار دینار
2000 لاپەڕەی ڕەنگاورەنگ چاپ بکە
بیگەینە 2 هەزار ماڵ لە کوردستان
پەلە بکەو پەیوەندی بکە
07504664288
07706449565

# سەرەتایەك لە بارەی بایۆس



محەممەد ئەبوبەکر تۆفیق mohamad11@gmail.com

ووشـەی بـایـۆس لـە چـوار وشـەی ئینگلیزی پێکهاتووە Basic Input Output System. هـەمـوو ئامێریکی کۆمپیوتەر بایۆسی تێدایە کە ئەمانە جێگیربووە لە ڕێگای chip لەسەر سیستمی بۆردی دایك Motherboard کە هیچ ئامێریکی کۆمپیوتەر بەبێ بایۆس کارناکات و بەبێ بایۆس ویندۆز ناتوانێت سەیڤی زانیاریەکان بکات و بیگەڕێنێتەوە




## کاری بایۆس چییە؟


دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی و بە کورتی کاری بایۆس بە زنجیرە بەیەك گەیشتنی هەموو پارچەکانی هاردوێر لەگەڵ بەکارهێنەری کۆمپیوتەر کە لە سەرەتای ئیش پێکردن دەست پێ دەکات بە پشکنینی خۆیی power on self test پارچەکانی کۆمپیوتەر وەك ( Cpu Ram وAvg ... ) و ئەگەر هاتوو گرفتێکی دۆزیەوە بە پێی جۆری گرفتەکە ئاگادارت دەکاتەوە زۆر جار بە شێوەی دەنگ beep code جۆری ئەو دەنگە جیاوازە لە گرفتێکەوە بۆ گرفتیکی تر یان لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر جیاوازە یان کۆمپیوتەرەکە دەکوژێتەوە یان زۆر جار بە نامەیەك ئاگادارت دەکاتەوە.

## چۆنیتی چونە ناو بایۆس

لەسەرەتای ئیش پێکردنی کۆمپیوتەرەکەت دەتوانیت بە شێوەیەکی خێرا لە ڕێگای Delete یان F10 F12 کلیك لەسەر کیبۆردەکەت بکەیت. ڕوکاری بایۆس دەبینین بەم شێوەیە وەك لە وێنەکەدا نیشان دراوە و بەم شێوەیە کە هەندێك زانیاری لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پیشان دەدات. ڕووکاری بایۆسەکە دەگۆڕێت کەپشت دەبەستێت بەو کۆمپانیایەی کە بایۆسەکە یان Mother board کەیان دروستکردووە کەلەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە

1.Main
2.Advanced
3.Security
4.Power
5.Boot
6.Exit

هەریەك لەم بەشانەی خوارەوە کاری تایبەتیان هەیە وەك کات و بەروارو دانانی وشەی نهێنی بۆ کۆمپیوتەرەکەت و کۆمەڵێك زانیاری تر کە دەتوانیت بە سەهمی سەر کیبۆردەکە سەردانی هەریەکێك لەو بەشانەی سەرەوە بکەین بەشی پێنج بریتیە لە Boot کە گرنگەو پەیوەندی بە فۆرماتکردن هەیە




ئەو فرمانە بگۆڕین بەو CD یان DVD کە لە ناو درایڤی کۆمپیوتەرەکەتدایە بخوێنێتەوە ئەویش لە ڕێگای + و- یان F5 و F6 پاشان کلیك دەکەین لەسەر F10

بۆکسێك دەردەکەوێت بەم شێوە Save changes and exit setup واتە ئایا ئەو گۆرانکاریانەی کە لەناو بایۆس کردوتە سەیڤی دەکەیت؟ لێرە Yes دیاری دەکەین ئەم کارە مـەرج نییە هەمووکاتێك ئەنجامی بدەین زیاتر کاتێك ئەم گۆرانکاریانە دەکەین کە ئەو CD یان DVD نەخوێنێتەوە پاشان دەست دەکەین بە فۆرماتکردن.

www.c4kurd.com

# چێشتخانەکانی کوردستان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا

باوکی سۆما

ڕۆژانە تەکنەلۆژیای نوێ لە سەرتاسەری جیهان سەر هەڵدەدات و خەڵکان و دام و دەزگاکان سوود لەم تەکنەلۆژیایانە وەردەگرن بە گوێرەی پێویستی ئەو کەس و دەزگایانە.

زۆر خۆشە هەر کەسێك لە بواری کاری خۆی هەوڵ بدات سوود لەو تەکنەلۆژیایانە وەربگرێت کە ئاسانکاری دەخاتە نێو جێبەجێکردنی کاروبارەکانی.

لەم ڕۆژانە لە یەکێك لە چێشتخانەکانی شاری هەولێر شتێکی جوانم بەرچاوکەوت ئەویش بەکارهێنانی سیستمێك بوو بۆ چۆنیەتی داواکردنی خواردن.

سیستمەکە سیستمێکی ڕێك و پێك بوو پێکهاتبوو لە سێ بەشی سەرەکی، بەشی یەکەمیان کۆمپیوتەرێکی شاشە لەمس بوو کە وەکو سێرڤەرێك کار دەکات و ناوو جۆرو نرخی هەموو خواردن و خواردنەوەکانی ئەم چێشتخانەی تێدا داخڵ کراوە.

بەشی دووەمیان پرێنتەرێك بوو کە هەر بەشێك لە بەشە جیاجیاکانی چێشتخانە پرێنتەرێکی لەلا بوو.

بەشی سێیەمیان هاندێکی وایەرلێسی شاشە لەمس بوو کە لە دەستی ئەو کارمەندەبوو کە دەهاتە لای میوانەکان و میوانەکان داواکاری خۆیان پێ ڕادەگەیاند.

سیستمەکە بە شێوەیەکی زۆر ڕێك و پێك دامەزرابوو. کاتێك کەسێك داوای خواردنی دەکرد ڕاستەوخۆ لەلای خۆیەوە کارمەندەکە لە سەر هاندەکەی لە دەستی دابوو بە شێوەی لەمس خواردنەکانی دیاریی دەکرد و ژمارەی مێزەکەو نهۆمی چێشتخانەکەی دیاری دەکرد و ڕاستەوخۆ لەسەر پرێنتەری ئەو بەشەی کە ئەو جۆرە خواردنە دروست دەکەن پرێنت دەبوو و لەناو کۆمپیوتەرە سەرەکیەکەش سەیڤ دەبوو بۆ ئەوەی بیکات بە وەصڵ و بیدەن بە کەسەکە بۆ واصل کردنی پارەی خواردن و خواردنەوەکان.

هەروەها بۆ خواردنی سەفەری ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمپیوتەرەکەوە خواردنەکان داوادەکرا بەهەمان تەکنیکی هاندەکە.

ئەو جیاوازیەی کە دەیبینیت لە نێوان ئەو چێشتخانەو چێشتخانەکانی تر ئەوەیە کە بەبێ هەرواهۆریا خواردن و داوادەکرێت و بە کاتێکی زووتر خواردنەکان دەگەنە لای میوانەکان.

خۆزگە هەرکەس لەلای خۆیەوە هەوڵی بدابا کە ئاسانکاری بخاتە ناو کاروبارەکانی بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیاکانی سەردەم.










www.c4kurd.com



# بەرنامەی Game Booster بۆ خێراکردنی یارییەکانی کۆمپیوتەر

ئا: مراد ئازاد معتصم
muradazad44@gmail.com


بەرنامەی Game Booster یەکێکە لەو بەرنامانەی کە بۆ خێراکردنی یارییەکانی کۆمپیوتەر بەکاردێت، بۆ دابەزاندنی بەرنامەکە لە ناو سیدی تایبەت بە گۆڤاردا فۆڵدەری GBooster دەکەینەوە دوو کلیك لەسەر ئایکۆنی IObit Game Booster دەکەین و بەم شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو دایدەبەزێنین :





پاش دابەزاندنی بەرنامەکە بە تەواوی لە سەر شاشەی دیسکتۆپ دوو کلیك لەسەر ئایکۆنەکەی دەکەین و بەرنامەکە دەکرێتەوە کلیك لەسەر ((Switch to Gaming Mode!)) دەکەین بۆ ئەوەی بەرنامەکە ویندۆزەکەمان رێك بخات و بیگۆڕێت بۆ بارێك کە یارییەکان بە خێرایی کاربکەن :




ئەگەر بەرنامەی ترمان کردبۆوە لەم کاتەدا ئەوە ئەم پەنجەرەیەمان بەر چاو دەکەوێت ئێمەش کلیك لەسەر چوارگۆشە بچووکەکەی بەرامبەر Check All دەکەین و دواتر کلیك لەسەر Close them دەکەین بۆ داخستنی گشت بەرنامەکانی تر تا نەبنە کێشە لە کاتی یاریکردندا :







ئێستا دەبینین بەرنامەکە دەکەوێتە کار و هەندێ رێکخستن ئەنجام دەدات لە ویندۆزدا تا یارییەکانمان بە خێرایی کاربکەن:

ئێستا هەر یارییەکمان بوێت دەتوانین بیکەینەوە بەڵام بە بێ ئەوەی بەرنامەکە دابخەین.

دوای ئەوەی تەواو بووین لە یاری کردن کلیك لەسەر ئایکۆنی شینەکەی (Back to Normal Mode) دەکەین بۆ ئەوەی ویندۆزەکە و گشت بەرنامەکانی تر کە دامانخستبوون




لە کاتی یاریکردندا بگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان .




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (GBooster) هەیە.

www.c4kurd.com

# ئاسانترین ڕێگا بۆ داونلۆدی ڤیدیۆکانی یوتوب


چەند باسی چۆنیەتی داونلۆدی ڤیدیۆکانی سایتی یوتوب بکەین ئەوەندە کەمە. چونکە سایتێکە ڕۆژانە هەموان سەردانی دەکەین و چەندین پارچە ڤیدیۆی بەسودی تێدایە کە پێویستمانە بیخەینە نێو کۆمپیوتەرەکەمان. بۆ ئەم مەبەستە سایتێکی زۆر بەهێز هەیە کە بەهۆیەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانیت ڤیدیۆکان داونلۆد بکەیت.

سەرەتا پێویستت بە تازەکردنەوەی بەرنامەی جاڤاکەت هەیە دەتوانیت لە نێو سیدی تایبەت بە گۆڤار وەری بگریت. ئەنجا ئەم سایتە بکەرەوە: www.savevid.com و ئەو لینکەی کە هەتە هی ڤیدیۆکە لە نێو یوتوب لەو بۆشایی تایبەت لە سایتەکە کۆپی بکەوە کلیك لەسەر Download سەیر دەکەیت ئەو پارچە ڤیدیۆیە بە چەندین جۆری جیاواز دەداتێ تاکو داونلۆدی بکەیت.




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (java) هەیە.


# گۆگڵ 31 وەرەقە دەداتە ئەوەی هەڵەیەك لە بەرنامەی کرۆم بدۆزێتەوە




دوای ئەو سەرکەوتنانەی بەرنامەی کرۆم ی گوگڵ بە دەستی هێنا لە نێو بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت. ئەمجارە گوگڵ دەیەوێت بە هەموان بڵێت با هەموان بە یەکەوە خەریکی بەرەو پێش بردنی بەرنامەکە بین و هەڵەکانی چارە سەر بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە هەستاوە بە خەڵاتکردنی ئەو کەسەی هۆڵێك لە کرۆم بدۆزێتەوەو بە چارەسەرەوە بۆیان بنێرێت. ئەویش لە بەرامبەردا ئامادەیە بڕی 3133 دۆلار وەکو خەڵات بدات.

# کۆمپیوتەرێك بە 35 دۆلار بکڕە



وڵاتی هیندستان بە زیرەکی لە بیرکاری پرۆگرامینگی کۆمپیوتەر بەناوبانگن. جگە لەوەش لەبەر ئەوەی وڵاتێکی هەژارە هەوڵ دەدرێت بە نرخێکی زۆر هەرزان کاڵاکانیان دروست بکەن.

بۆ ئەم مەبەستە هەستاون بە دروستکردنی کۆمپیوتەرێك لە تەنها 35 دۆلار.

ئەم داهێنراوە زیاتر لە لە ئای پادی ئەپڵی ئەمریکی دەچێت کە 14 جار نرخی هەرزانترە.

لەگەڵ ئەوەش هەروەکو ئای پاد شاشەکەی لەمسەو دەتوانرێت بە ڕێگەی وایەرلێشەوە بە ئینتەرنێتەوە ببەسترێت و سایت و ئیمەڵی پێ بکرێتەوە.

ئامانجە زیاتر بۆ خزمەتی قوتابیانەوە حکومەتی هیندیش بڕیاری داوە پارمەتی دەر بێت و نرخەکەی کەم بکاتەوە بۆ 16 دۆلار، کە دەکاتە نزیکەی 750 روپیە.

# حەنەفیە (بەلۆعە)یەکی ئاوی دیجیتاڵی




یەکێك لە کۆمپانیا چینییەکان حەنەفییەیەکی ئاوی دروستکردووە کە شاشەیەکی هەیە و بە لەمس کاردەکات، بەهۆی ئەم شاشەوە، جۆری ئاوەکە (سارد-گەرم) هەڵدەبژێردرێت، لەگەڵ دیارکردنی پلەی گەرمی ئاوەکە لەکاتی هەڵبژاردنی ئاوە گەرمەکە.
هەروەك شاشەکە پلەی گەرمی ئێستای ئاوە گەرمەکە پیشان دەدات. لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی کەسەکە لەکاتی زیاد گەرمبوونی ئاوەکە لە پلە دیارکراوەکە، پێشبینی دەکرێت بەمزووانە ئەم جۆرە حەنەفییە دیجیتاڵییە بخرێتە بازاڕەکانەوە.

# بە ئۆتۆمبێلی زیرەکی intel دەبیتە شۆفێرێکی نموونەیی

کۆمپانیای intel بەردەوامە لە توێژینەوەکانی بۆ بەرهەمهێنانی یەکەم ئۆتۆمبێلی زیرەك smart car، ئۆتۆمبێلەکە کۆمەڵێك کامیرا و ئامێری هەستیاری sensors تێدایە کە هەڵدەستن بە پێوانی خێرایی و شێوە و چۆنیەتی هاژووشتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی برێك و وەستێنەرەکان لە لایەن شۆفێرەکەوە. لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێـکیش ئەوا ئۆتۆمبێلەکە گشت داتا و زانیارییەکانی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەنێرێت بۆ هەر یەك لە پۆلیس و کۆمپانیای تەئمینەکە. هەروەك ئۆتۆمبێلەکە دەتوانێت ڕێگە لە شۆفێرەکەی بگرێت ئەگەر هاتوو بیەوێت لە خێرایی دیاریکراو تێبەپەڕێنێت، بەمشێوەیە کاتێك خێراییەکە گەیشتە خێرایی یاسایی و شۆفێرەکە ویستی خێراییەکەی زیاتر بکات ئەوا ئۆتۆمبێلەکە ڕێگری دەکات لە شۆفێرەکە.




www.c4kurd.com




# زنجیرەی فێربــونی
# مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت ٢٠٠٧

مامۆستا کاروان ڕەشید محمد karwan.computer@yahoo.com - زنجیرەی دووەم -


لەم زنجیرەدا باس لە کۆمەڵێك کرداری گرنگ دەکەین، پاش ئەوەی لە زنجیرەی پێشودا باسی سەرەتایەکی بەرنامەکە و کرداری پاشەکەوت کردنمانکردن. لەم زنجیرەشدا چەند بەشێکی تری بەرنامەکە دەخەینە ڕوو.

دوای کردنەوەی بەرنامەکە دەتوانین لەڕێگەی کرداری (Open) و فایلە زەخیرەکراوەکەی پێشوو دەهێنینەوە ناو بەرنامەکە. ئەویش لەڕێگەی لیستی ئۆفیس پاشان (Open) یان لەڕێگەی(Ctrl + O) بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە لە (Look in ) دا ئەو شوێنە دیاری دەکەین کە فایلەکەمان تیادا زەخیرە کردووە، پاشان ئەو فایلە دیاری دەکەین و کلیك لەسەر (Open) دەکەین فایلە زەخیرەکراوەکە دەکرێتەوە وەك وێنەی (1)





ئەگەر بمانەوێت نوسینێك بنوسین دەتوانین لە یەکێك لەو بەشانە بینوسین وە پاشان لە لیستی (Home) دا لەڕێگەی Font و دەتوانین جۆری نوسینەکانمان بگۆڕین، و دەتوانین لەڕێگەی (Font Sized ) قەبارەی نوسینەکەمان بگۆڕین و لە ڕێگەی (Font Color) و دەتوانین ڕەنگی نوسینەکەمان بگۆڕین، و لە ڕێگەی فرمانی (Bold) کە بە (B) هێما دەکرێت نوسینەکەمان تۆخ بکەینەوە و بە فرمانی (Italic) کە بە (I) هێما دەکرێت دەتوانین نوسینەکەمان لاربکەینەوە و بەفرمانی (Underline) یش دەتوانین هێڵ بەژێر نوسینەکەماندا بهێنین.


دەشتوانین ئاراستەی نوسینەکەمان بگۆڕین بۆلای ڕاست(Align Text Right) وە لای چەپ (Align Text Left) ولای ناوەڕاستی فایلەکەمان (Center). وەك وێنەی (2)




* لە لیستی (Design) دا دەتوانین کۆمەڵێك کرداری گرنگ بکەین. وەك دانانی شێوەیەکی جوان بۆ ئەو پەڕەی کاری لەسەر دەکەین، ئەگەر بە ماوسەکە بچینە سەر هەربەشێك ڕاستەوخۆ ئەو شێوە (Design) ە دەبەخشێتە بە پەڕەکە بەمەش شێوەیەکی جوانتر دەبەخشێت بەو پەڕەی کاری تیادا دەکەین.





ئەگەر بمانەوێت وێنەیەك دابنێین لە دەرەوەی بەرنامەکە بێت ئەوا لە شوێنێکی بەتاڵی پەڕەکەدا کلیکی لای ڕاستی ماوسەکە دەکەین و پاشان فرمانی (format Background ..) هەڵدەبژێرین





پاشان بۆکسێکی نوێمان بۆ دەکرێتەوە وەك وێنەی (4) لەو بەرەوە.

کە لە چەند بەشێك پێکهاتووە ئەگەر بەشی (Picture or texture fill) دیاری بکەین ئەوا کلیك لەسەر (File) دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە کە دەتوانین وێنەی لێوە بهێنین بۆناو بەرنامەکەو بیکەینە باکگراوند، ئەو وێنەیە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت دای بنێین پاش هەڵبژاردنی وێنەکە دەبێتە باکگراوندی پەڕەکەمان. و دەتوانین لە (Texture)

www.c4kurd.com





دا کۆمەڵێك باکگراوندی وێنەی ئامادەکراو هەیە دەتوانین ئەوانیش بکەینە باکگراوند.دەتوانێت لەجیاتی ئەوەی وێنە بکەینی باکگراوند ڕەنگەکان تێکەڵ بکەین و باکگراوندی تر لە ڕەنگەکان دروست بکەین ئەوش بە کلیك کردن لەسەر (Gradient fill) پاشان چەن بەشێك دروست دەبێت لە





(Color) دا دەتوانین ئەو ڕەنگە کە هەڵبژێرین دەمانەوێت ببێتە باکگراوند، و لە (preset colors) دا کۆمەڵێك ڕەنگی تایبەت هەیە لەم بەشەدا دەتوانین هەڵیان بژێرین و لە (Direction) دا دەتوانین ئاراستەی ڕەنگەکان بگۆڕین تا شێوەیەکی جوانتر وەربگرێت وەك وێنەی (5) هەروەها لەبەشی (Solid fill) دا دەتوانین ئەوڕەنگە

هەڵبژێرین کە دەمانەوێت بیکەینە باکگراوند ئەویش لەبەشی (Color) دا ڕەنگەکە دیاری دەکەین و لە (Transparency) دەتوانین ئەو باکگراوندەی کە هەمانە دەتوانین کاڵ و تۆخی بکەینەوە، وەك وێنەی (6)




پاش ئەم کردارانە ئەگەر ویستمان هەموو سلایدەکان ( هەموو پەڕەکانی بەنامەکە) بکەینە ئەو باکگراوندەی هەڵمانبژاردووە ئەواکلیك لەسەر (Apply to All) دەکەین ئەکەر ویستمان تەنها ئەو سلایدەبێت ئەوا کلیك لەسەر (Close) دەکەین.

*پێویستە ئەو سلایدانەی کە ئێمە کاریان لەسەر دەکەین جۆری پەڕەکە (Page) ە کەی دیاری بکەین بۆئەوەی سلایدەکانمان شێوەیەکی دیاریکراویان هەبێت و لەکاتی چاپکردنیدا بۆسەر وەرەقە کێشەمان بۆ دروست نەکات لەجۆری چاپکەرەکاندا. لە لیستی (Design ) دا کلیك لەسەر (Page setup) دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە وەك وێنەی (7)





لە (Slides sized for) دا دەتوانین جۆری پەڕەکان دیاری بکەین، ئەوە پەڕەی کە ئێمە زیاتری کاری لەسەر دەکەین بریتیە لە (A4 paper) و ئەگەر پێویستمان بە جۆری پەڕەکانی تربوو ئەوا دەتوانین ئەو جۆرە دیاری بکەین کە زۆر شێوەی ترمان هەیە و قەبارەیان جیاوازە، هەروەها لەبەشی (Orientation) دا ئەگەر بمانەوێت پەڕەکەمان لەباری ئاسۆیدابێت ئەوا کلیك لەسەر (Portrait) دەکەین، و ئەگەر ویستمان پەڕەکەمان بکەینە باری ئاسۆی ئەوا کلیك لەسەر (Landscape) دەکەین.پاش دیاریکردنی هەریەکە لەم بەشانە کلیك (Ok) دەکەین ئەو کارانەی هەڵمانبژاردووە

www.c4kurd.com


ئەوا جێبەجێی دەبێت.

•ئەگەر بمانەوێت ئەو وێنەی مەبەستمانە بیهێنینە ناو بەرنامەوە کلیك لەسەر لیستی (Insert) دەکەین پاشان کلیك لەسەر (Pictures) دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە، لە (Look in) دا شوێنی ئەو وێنە دیاری دەکەین کە وێنەکەمان تیادا داناوە پاشان وێنەکە هەڵدەبژێرین لە ڕێگەی (دوو کلیك) یان دیاریکردنی وێنەکەو پاشان کلیك کردن لەسەر (Insert) دەکەین بەم جۆرە وێنەکە دێتە ناو بەرنامەکەوە وەك وێنەی (8) .




پاشان دەتوانین لەملاو لای وێنەکەوە دەستکاری وێنەکە بکەین و وێنەکە گەورەو بچوك بکەین بەو قەبارەی کە دەمانەوێت.

•ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵێك شێوەی جوان بهێنینە ناو سلایدەکانمانەوە و کاری لەسەر بکەین تاوەکو ببێتە باکگراوندێك بۆ نوسینەکانمان یان کۆمەڵێك شێوەی جوان (Shape) دابنێین و نوسینی تیادا بنوسین، کۆمەڵێکی زۆر شەیپ (Shape) مان هەیە، بەکلیك کردن لەسەر Inset > Shape هەموو شێوەکان دەردەکەوێت ئەو شێوەی دەمانەوێت کلیکی لەسەر دەکەین وەك وێنەی (9)







# بەرنامەیەك منداڵەکەت فێری ئینگلیزی دەکات

فێربونی زمانی ئینگلیزی لای منداڵان خێرا ترەو ئەگەر ڕێگەی تۆکمەو باشی بۆ دابنرێت.

یەکێك لە ڕێگە زۆر باشەکان بەرنامەی منداڵانەی سەرنج ڕاکێشە. کە بۆ منداڵەکە هەم وەکو یاریەو هەم وەکو مامۆستایەکە فێری دەکات.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای نەستەلە هەستاوە بە دروستکردنی بەرنامەیەکی زۆر سادە و بەسود بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی بەناوی KOKO and the lost island کە تێیدا چەند هەنگاوێك هەیە تاکو دەگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام هەر هەنگاوێك کۆمەڵێك پرسیاری ئینگلیزیە کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە تاکو ئەو قۆناغە ببڕێت.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (KoKo) هەیە.




# دروستکردنی فەرهەنگ بە بەرنامەی Auto Play Media Studio 7.5


ماهر شێڕوانی

ئەم بەرنامەیە زۆر بەهێزە لە بواری پرۆگرامسازی وئۆتۆرەن دروستکردن، بۆیە لێرە باس لە چۆنیەتی دروستکردنی فەرهەنگێکی E-K دەکەم بەم بەرنامەیە.

1-سەرەتا بەرنامەکە دەکەینەوە، ئینجا لە لیستی (Input) (Object)و (ComboBox)ێك دەهێنین.




2-کلیکی لای ڕاست لە سەر (ComboBox)ەکە دەکەین، پاشان کلیك لەسەر (Properties) دەکەین .
لە ژمارە (1)دا وشە ئینگلیزیەکان دەنووسین،لە ژمارە (2) لە تەنیشت وشە ئینگلیزیەکان واتای بە کوردی دەنووسین، ژمارە (3) دەکەین بە (Dropdown edit)، لە ژمارە (4)





Sort دیاری دەکەین و (Lines) دەکەین بە (0)، پاشان کلیك لەسەر ژمارە (5) دەکەین، لە بەشی (On Select) ئەمە دەنووسین:

```
Input.SetText("Input1"،ComboBox.GetItemData("ComboBox1"،ComboBox.GetSelected("ComboBox1")));
```


پاشان کلیك لەسەر (OK) دەکەین.

3- کلیکی لای ڕاست لەسەر (Input) دەکەین،پاشان کلیك لەسەر (Properties)دەکەین .
لە ژمارە (1) فۆنتێکی کوردی دیاری دەکەین،لە ژمارە (2)




(Enabled) دیاری دەکەین،لە ژمارە (3) (Read only) دیاری دەکەین،لە ژمارە (4) (Right) دیاری دەکەین،پاشان کلیك لەسەر (OK) دەکەین.

4-بۆ ئەوەی سەیری فەرهەنگەکەمان بکەین،دەچینە لیستی (Publish)،لەوێش کلیك لەسەر (Preview) دەکەین،دەبینین فەرهەنگەکەمان دروست بووە،وەك دەیبینین.




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Dic) هەیە.



# چارەسەرکردنی ئەو مۆبایلانەی بەرنامەیان لەسەر سێت ئەپ نابێت

بەرزان جمال

ئەوانەی مۆبایلی نەوەی سێیەمیان هەیە زۆرجار کە دەیانەوێت بەرنامە سێت ئەپ بکەن توشی کێشە دەبن و ناتوانن بەرنامەکە بەکاربهێنن، زۆربەی کاتەکانیش ئەم دوو وێنەیە دەبینن:





هەر کاتێ ئەم وێنانە لەکاتی سێت ئەپکردنی بەرنامەکان هاتە سەر شاشەی مۆبایلەکە ئەوا بەرنامەکە سێت ئەپی نابێت. کۆمپانیای نۆکیا کاتێ موبایلی نەوەی سێیەم و پێنجەمی بەرهەم هێنا بە سیستەمێکی جیاوازتر لە نەوەی دووەمی بەرهەمی هێنا و بۆ ئیش پێکردنی هەر بەرنامەیەک پێویستی بە ئیمزای کۆمپانیاکە هەیە کە ئەمیش زۆری بەرنامەکان دەبێ بە پارە بکرێت کە ئەمیش لەلای خۆمان شتێکی زەحمەتەو هەروەها بێجگە لەبەرنامەکان کڕینی یاریەکان کەزۆرێک لەیاریەکانی وەکو n-gage کە سیستەمێکی پێشکەوتوی یاریە لە موبایلە نۆکیاکاندا کە یاریەکانی بەپارەیە.

دوو جۆرە ڕێگە هەیە بۆ وا لێکردنی مۆبایلەکەت کە هەموو جۆرە بەرنامەکان وەربگرێت یەکەمیان بۆ موبایلە ڤێرشنە کۆنەکان و دوەمیان بۆ ڤێرشنە تازەکان. بۆ کۆنەکان ئاسانترە چونکە ڕێگەی ئینتەرنێت و ساینکردن و دروست کردنی شەهادەی ناوێ بەڵام هی ڤێرشنە تازەکان ئەم شتانەی پێشوتری دەوێت.

تێبینی: ئەم ڕێگایە بۆ مۆبایلی نەوەی سێیەم و پێنجەم دەبێت و ڕێگەی تر زۆرەو بەرنامەی زۆرە بەڵام ئێمە ئەم دوو ڕێگەیە ڕوون دەکەینەوە کە 80% ی زیاتری مۆبایلەکان بەم شێوەیە دەکرێن و ڕێگاکانی تریش وەک ئەم ڕێگایانەیە بەڵام بەرنامەکانی جیاوازترە واتا لەباتی بەکار هێنانی ئەم بەرنامە بەرنامەیەکی تر بەکار دێنن بەڵام بە هەمان ڕێگاکاندا دەڕۆن

## ڤێرشنە کۆنەکان

سەرەتا بەرنامەی Drakkarious 3.01 FP1,FP2 & PreFP1 سێت ئەپ بکە کە لەناو فۆڵدەری بابەتەکەدایە.




بەڵام لەکاتی سێت ئەپکردن دوو چوار گۆشەت دەداتێ تۆ بەپێی جۆری مۆبایلەکەت سەح لەچوار گۆشەیەکیان بدە ئەمەش لیستی هەر دوو جۆرەکە

1-FP1 and FP2 Phones هەڵبژێرە گەر ئەم مۆبایلانەت هەبوو

Nokia 6120 classic، N82، N95-3 NAM، N95 8GB، N81، N81 8GB، 6121 classic، 6120 classic، 5700 XpressMusic، 6110 Navigator، E90 Communicator، N76، 6290، N95، 5320 XpressMusic، N78، N96، 6210 Navigator، 6220 classic

2- Pre-FP1 devices ئەگەر مۆبایلی ترت هەبوو ئەوا ئەمەیان هەڵبژێرە و ئەمەش لیستی مۆبایلەکانە


N77, E61i, E65, N93i, N91 8GB, E62, N93, N73, N80, N71, N92, E70, E60

پاش سێت ئەپکردنەکە بەرنامەی x-plore بکەوە کە لەگەڵ بەرنامەکەی پێشودا سێت ئەپ دەبێت.

پاش 3 چرکە دوگمەی لای چەپ داگرە پاشان ژمارە 0 دابگرە وە چوار خانەی یەکەم سەح لێبدە پاشان لە بەرنامەکە وەرە دەر بەڵام دایمەخە واتا Menu دابگرە

پاشان بەرنامەی hello carbide بکەوە menu1 دابگرە yes هەڵبژێرە. ئینجا برۆ x-plorer بکەوە C بکەوە لە خوارە دەبینی hack.rar بیکەوە دوو فایل دەبینی لەناویدا هەردوکی

www.c4kurd.com





دیاری بکە وە ژمارە چوار دابگرەو بیانگوازەوە بۆ فۆڵدەری
c:\sys\bin




مۆبایلەکەت ریستار بکەوە تەواو موبایلەکەت ئێستا هەموو جۆرە بەرنامەکان دەخوێنێتەوە
لەناو فۆڵدەری بەرنامەکەدا لە نێو سیدیدا بە فایلێك هەموو رێگاکان روونکراوەتەوە.

## ڤێرشنە تازەکان

ئەویش دەبێ فایلی cer,key بۆ بەرنامەکە دروست بکەی و بەرنامەکە ساین بکەیت.
سەرەتا پێویستیت بە بەرنامەی HelloOX.1.03.Unsigned دەبێت و پاشان فایلی cer,key تایبەتی بۆ مۆبایلەکەت دروست بکەیت ئەم سایتە بکەرەوە:
http://cer.opda.cn/en/index.p?module=index&action
لەم سایتەدا پێویستە خۆت تۆمار بکەیت و کلیك لەسەر Register بکە پاشان زانیاریەکان پڕبکەرەوە:
یەکەم خانە ناوەکەت بنوسە و دووەم ژمارەی نهێنی بنوسە لە سێیەم ژمارەی نهێنی دووبارە بکەرەوە و چوارەم خانە ئیمەڵت بنوسە و لە دوا خانە ئەو کۆدەی لەسەر وێنەکە داویەتی بینوسەوەو submit and reigis دابگرە
پاش خۆتۆمارکردن برۆ ژورەوە بە نوسینی ناو و پاسۆرد و login دابگرە. پاش چونە ژورەوە دەبینی لەسەرەوە نوسراوە aplpy cer و دایبگرە و خانەکان بەپێی زانیاری مۆبایلەکەت پڕ بکەرەوە.




لە model جۆری مۆبایلەکەت بنوسە واتە گەر n95 هەبوو بینوسە. سەرەتا لەسەر شاشەی مۆبایلەکەت
*#06#
دابگرە پاشان ئەو ژمارەی نوسیویەتی لە خانەی IMEI بینوسە. پاشان هەمان ژمارە دووبارە بنوسەوە لە خانەی ئاخیریش جۆرێک مۆبایل بنوسە بەڵام لە جۆرەکەی خۆت نا Submit application دابگرەو چاوەڕێ بکە چەند





سەعاتێک رەنگە زۆری بوێ پاش ئەوەی هاتیەوە ناو سایتەکە بچۆ ژورەوە و کلیک لەسەر My Certificate بکە و چەند خانەیەک دەبینی گەر key, cer تەواو بوبێت لەناو خانەی Operate داویەتی و کلیک لەسەر هەردووکیان بکەو




دایبەزێنە. ئێستا تۆ شەهادەیەکت دەستکەوتوە بۆ مۆبایلەکەت هەردوو فایلەکە لەگەڵ بەرنامەی SignSiS کەلە فۆڵدەری بەرنامەکاندایە و لەگەڵ بەرنامەی HelloOX.1.03.Un-signed دا پێکەوە بکەرە فۆڵدەرێک لەسەر شاشە و بەرنامەی SignSiS بکەرەوە وە لەخانەی یەکەم لایەوە دوگمەیەک هەیە دایبگرەو پاشان بەرنامەی HelloOX.1.03.Unsigned لەکوێت داناوە دیاری بکەو open دابگرە
لەخانەی دووەم ئەو cerەی داتبەزاندوە دیاری بکە

لەسێیەم key یەکە دیاری بکە پاشان اضغط لبدء عملية الدمج دابگرە پاشان سەیرکە لەو فۆڵدەرەی cer,key,hellox کە دات ناوە بەرنامەیەکی تر دروست بووە ئێستا ئەو بەرنامە لەسەر مۆبایلەکەت سێت ئەپ بکە پاشان بیکەوە دەبینی خۆکارانە دەکەوێتە کار و مۆبایلەکەت بۆ وا لێ دەکات کە هەموو بەرنامەیەك بخوێنێتەوە و yes دابگرە.




ئەگەر هەرچیەکی نوسی و گەر خۆکارانە کارەکەی نەکرد تۆ بەرنامەی x-plore سێت ئەپ بکەو پاشان بیکەوە و پاش 3 چرکە دوگمەی لای چەپ دابگرە وە ژمارە0 دابگرەو و چوار خانەی یەکەم سەح لێبدە پاشان دوگمەی لای راست دابگرە و دەبینی نوسراوە E ئێکەی لەسەر دابگرە و فۆڵدەری HelloOX بکەرەوە و ئەو بەرنامانەی لەناویدایە سێت ئەپی بکە پاشان بەرنامەکە دامەخەوە بەرنامەی rompatcher بکەرەوە کە سێت ئەپت کردووە و دوگمەی خیاراتی لای




چەپ داگرە پاشان pach پاشان apply دابگرەو و بگەڕێوە بەرنامەی x-plore یەکە پاشان لە فۆڵدەری HelloOX فایلی installserver.zip بکەروە وە ژمارە 4 دابگرەو و بیگوازەوە بۆ c:\sys\bin پاشان مۆبایلەکەت ریستارت بکەرەوە ئێستا کام بەرنامەی دەتەوێ بەئارەزوی خۆت سێت ئەپی بکە.

تێبینی: پرۆگرامەکان لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Mobile ) هەیە.





# لابردنی(Control Panel) بە هەمیشەیی لە لیستی (Start) لە ڕێگەی ڕجیستریەوە

م.بەختیار سلیمان عبدالعزیز – ئامادەیی هەولێری زانستی
Compu25net@hotmail.com


پێشەکی دەبێت ئەوە بزانین کە ئایا لابردنی کۆنترۆڵ پانێڵ چ گرنگیەکی هەیە. ئەوەی لە هەموان گرنگتر بێت ئەوەیە کە نەمانی کۆنترۆڵ پانێڵ لە سەرەکی ترین هۆکارەکانی تێکچونی کۆمپیوتەر رزگارت دەکات و کەس ناتوانێت راستەوخۆ دەستکاری سیستمی کۆمپیوتەرەکەت بکات.

سەرەتا کلیك لەسەر Start دەکەین و لەوێشدا کلیك لەسەر Run دەکەین. لەوێدا دەنوسین Regedit و ویندۆی (Registry) دەکرێتەوە. سەرەتا دەچینە سەر بەشی (HKEY_CURRENT_USER) و جووت کلیکی لەسەر دەکەین بۆئەوەی بەشەکانی تری ناوی بەدیاربکەون, یان یەك کلیك لەسەر نیشانەی(+)ەکەی دەکەین بۆئەوەی بەشەکانی تری ناوی بەدیاربکەون.

دوای بەدیارکەوتنی بەشەکانی ناو(HKEY_CURRENT_USER)دەچینە سەر بەشی(Software) و بەهەمان شێوە جووت کلیکی لەسەر دەکەین بۆئەوەی بەشەکانی تری ناوی بەدیاربکەون.

دوای بەدیارکەوتنی بەشەکانی ناو(Software)دەچینە سەر بەشی(Microsoft) و بەهەمان شێوە جووت کلیکی لەسەر دەکەین بۆئەوەی بەشەکانی تری ناوی بەدیاربکەون.

دوای بەدیارکەوتنی بەشەکانی ناو(Microsoft)دەچینە سەر بەشی(Windows) و بەهەمان شێوە جووت کلیکی




لەسەر دەکەین بۆئەوەی بەشەکانی تری ناوی بەدیاربکەون.

دوای بەدیارکەوتنی بەشەکانی ناو(Windows)دەچینە سەر بەشی(CurrentVersion) و بەهەمان شێوە جووت کلیکی لەسەر دەکەین بۆئەوەی بەشەکانی تری ناوی بەدیاربکەون.




دوای بەدیارکەوتنی بەشەکانی ناو(CurrentVersion) دەچینە سەر بەشی(Policies) و بەهەمان شێوە جووت کلیکی لەسەر دەکەین بۆئەوەی بەشەکانی تری ناوی بەدیاربکەون.

دوای بەدیارکەوتنی بەشەکانی ناو(Policies)دەچینە سەر بەشی(Explorer).

*پاشان لەلای راستی(Explorer) هەڵدەستین بەدروستکردنی کلیلی فرمانێکی نوێ بەئەنجامدانی کلیکی لای راست و هەڵبژاردنی فرمانی (New) و جۆری (DWORD Value)، ئینجا ناوی دەنێین (No-ControlPanel), پاشان جووت کلیکی لەسەر دەکەین و نرخەکەی دەگۆڕین لە(0)ەوە بۆ (1).




(1)= واتە کاردەکات.(Enable Restriction).

(0)= واتە کارناکات(وەستێنراوە لەکارکردن).(Disable Restriction).

تێبینی: بۆبینینی ئەنجامی ئەم کردارە پێویستە کۆمپیوتەرەکە(Restart)بکەی، یان(Log Off).

www.c4kurd.com




هێمن مەلا کەریم بەرزنجی ـ پسپۆڕی SE وIT (چاپتەری یەکەم – بەشی پێنجەم)
hemnymela@yahoo.com

لەم بەرنامەیەدا شەش ڕستەی ئەگەری if statement دەنووسین بۆ تاقیکردنەوەی هێماکان و بەهۆیەوە بەراوردی دوو ژمارەی تەواو integer دەکەین، کە بە کارهێنەر ئەو دوو ژمارە داغڵ دەکات بۆ بەرنامەکە. ئەم بەرنامەیە سکانەر Scanner بەکاردەهێنێت بۆ داغڵکردنی ژمارەکان و سەیڤکردنیان لە هەمیشە گۆڕاوی number1 و number2 دا، و پاشان ئەنجامدانی بەراوردی نێوانیان و، پەیوەندی نێوانیان ڕوون دەکاتەوەو، ئەنجامەکانمان پیشان دەدات:

```
// Hemn Mela Karim Barznji 10/6/2010
// Compare integers using if statements, relational operators and equality operators.

import java.util.Scanner; // program uses class Scanner

public class Comparison
{
   // main method begins execution of Java application
   public static void main( String args[] )
   {
      // create Scanner to obtain input from command window
      Scanner input = new Scanner( System.in );

      int number1; // first number to compare
      int number2; // second number to compare

      System.out.print( "Enter first integer: " ); // prompt
      number1 = input.nextInt(); // read first number from user

      System.out.print( "Enter second integer: " ); // prompt
      number2 = input.nextInt(); // read second number from user

      if ( number1 == number2 )
         System.out.printf( "%d == %d\n", number1, number2 );

      if ( number1 != number2 )
         System.out.printf( "%d != %d\n", number1, number2 );

      if ( number1 < number2 )
         System.out.printf( "%d < %d\n", number1, number2 );

      if ( number1 > number2 )
         System.out.printf( "%d > %d\n", number1, number2 );

      if ( number1 <= number2 )
         System.out.printf( "%d <= %d\n", number1, number2 );

      if ( number1 >= number2 )
         System.out.printf( "%d >= %d\n", number1, number2 );

   } // end method main

} // end class Comparison
```

## تویکاری بەرنامەکە

// Hemn Mela Karim Barznji 10/6/2010

ئەم سەرنج و تێبینیە ئاماژەیە بۆئەوەی کە کێ و کەی ئەم بەرنامەیەی نووسیوە.

// Compare integers using if statements, relational operators and equality operators.

ئەم سەرنج و تێبینیە بۆ ئەوەیە بە بەکارهێنەر و بینەری بەرنامەکە بڵێین بەرنامەکەمان تایبەتە بە بەراوردی ژمارەی تەواو، بەبەکارهێنانی ڕستەی ئەگەری و کردارەکانی یەکسانە و نایەکسانە و پەیوەندییەکان.

import java.util.Scanner; //program use class scanner

ئێمە دەمانەوێت لەڕێگەی کیبۆردەوە ژمارەکان داغڵ بکەین بۆیە سود لە کلاَسی سکانەر وەردەگرین، لە پاکێجی یوتیل دا، بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەین.

**سەرنج: لەچاپتەرێکی سەربەخۆدا، باسی دروستکردنی پاکێج و بەکارهێنانی دەکەین.**

### هەڵەباوەکانی بەرنامەسازی

ئەگەر ڕستەی هێنانی پاکێج import package لەناو پۆل Class دا بنووسین، ئەوا دەبێتە هەڵە بۆیە پێویستە لەدەرەوەی پۆل و لەسەرەتادا بینووسین، وەکو لەبەرنامەکەدا دیارە. public class Comparison

ئەم دێڕە بە وشەی public دەست پێدەکات، کە یەکێکە لە وشەکانی دەستبەسەراگرتنی گەیاندن و تێپەڕبوونی پۆل Access Control و بەدوای دا وشەی پۆل Class Key-word دێت و پاشان ناوی پۆلەکە Class Name دێت و بەهۆی ناوی کلاَسەکەشەوە دەزانین بەرنامەکەمان تایبەتە بە بەراوردکردن.

تێبینی: بەشێوەیەکی باو هەمیشە یەکەم پیتی ناوی پۆل Class Name بە پیتی گەورە Capital Letter دەنووسرێت،بەلاَم ئەگەر بە پیتی بچوکیش Small Letter بنووسرێت، هەڵەنابێت، بەلاَم واباشترە بە پیتی گەورە بنووسرێت.

### هەڵە باوەکانی بەرنامەسازی

هەڵەیەکی باو ئەوەیە کە بەرنامەکەمان بەناوی پۆلەکەوە Class Name و بە پاشگری جاڤا java سەیڤ نەکەین. چونکە وەرگێڕ Compiler تەنها ئەو فایلانە وەردەگێڕێت Compiles کە تەنها بەپاشگری java کۆتای هاتووە.

{

ئەم دێڕەش کەوانەی سەرەتایی لاشەی پۆلە Body of class و هەموو پۆلێك Class بە کەوانە دەستپێدەکات و بەکەوانەش کۆتای دێت.

//main method begins excution of java application

ئەم دێڕە ڕوونکردنەوەیەکە Comment بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە دێڕی دوواتر ڕێگەی سەرەکی Main Method ی بەرنامەکەیە.

public static void main (String args [])

ئەم دێڕە مێسۆدی سەرەکی بەرنامەکەیە ولە چاپتەرێکی

www.c4kurd.com

سەربەخۆدا باسی میسۆد و چۆنیەتی دروستکردن و پێکهاتەیی و بەکارهێنانی دەکەین.

```
{
```

ئەم دێرەش کەوانەی سەرەتایی لاشەی ڕێگەیە Body of Method و هەموو ڕێگەیەك Method بە کەوانە دەستپێدەکات و،بەکەوانەش کۆتای دێت.

```
// create Scanner to obtain input from command window
```

ئەم تێبینیە بۆ ئەوەیە کە بە بەکارهێنەر بوترێت کلاسی سکانەر بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی دوو ژمارەی تەواو داخیڵ بکەین.

```
Scanner input=new Scanner (System.in);
```

بەهۆی ئەم ڕستەیەوە، تەنێك Object لە پۆلی سکانەر وەردەگرین، بۆئەوەی بتوانین بەهۆیەوە ئەو ژمارانە داخیڵ بکەین کە دەمانەوێت کۆیان بکەینەوە.

```
int number1; // first number to compare
int number2; // second number to compare
```

ئەم دوو هەمیشە گۆڕاوەی Variable سەرەوە دەناسێنین،کە جۆری هەردوکیان ژمارەی تەواوە Integer وبە int دەنووسرێت،لەسەرەتای هەمیشە گۆڕاوەکان دا،چونکە بەرنامەکەمان تایبەتە بە بەراوردی دوو ژمارەی تەواو،بۆیە هەمیشە گۆڕاو Variable ی یەکەم،بەکاردێت بۆ داغڵکردنی ژمارە تەواوی یەکەم،و،هەمیشە گۆڕاوی دووەمیش بۆ ژمارەی دووەم،کە دەمانەوێت بەراوردیان بکەین.

## هەمیشە گۆڕاو Variable چییە؟؟

هەمیشە گۆڕاوەکان Variables لە گۆڕاوێك کە هەمیشە نرخی تازە وەردەگرێت و پێکدێت لە جۆرێك Type وەکو ژمارەی تەواو int یان کارەکتەر char یان float یان .... کە ئەم جۆرە پێی دەوترێت Primitive data type و بە دواشیدا بۆشاییەك دادەنێین و پاشان ناوی هەمیشە گۆڕاوەکە کەهەمان مەرجی ناوی پۆلی بەسەردا جێبەجێدەبێت، کە ئەمانەن:

1-دەبێت بە پیت Letter دەستپێبکات، وەکو number1.

2-یان بە _ دەست پێبکات، وەکو number1_

3-یان بە $ دەستپێبکات، وەکو sum1$.

وەنابێت بە ژمارە Digit دەستپێبکات و، ناشبێت بۆشایی Space ی تیابێت.

واباشترە ئەگەر لە زیاتر لەناوێك پێکهاتبوو ئەوا یەکەم پیتی دووەم وشە و سێهەم وشە و ... بەگەورە بنووسرێت، وەکو normalPhoneNumber.

```
System.out.print("Enter firset integer");// prompt
```

تەنها ڕستەیەکمان بۆ چاپ دەکات،کە بەبەکارهێنەر دەڵێت،ژمارەی یەکەم داخیڵ بکە.

```
number1=input.nextInt();// read first number from user
```

بەهۆیەوە ژمارەی یەکەم داغڵ دەکەین و،دەیدەین بە گۆڕاوی یەکەم.

```
System.out.print("Enter second integer");// prompt
```

تەنها ڕستەیەکمان بۆ چاپ دەکات،کە بەبەکارهێنەر دەڵێت ژمارەی دووەم داخیڵ بکە.

```
number2=input.nextInt();// read second number from user
```

بەهۆیەوە ژمارەی دووەم داخیڵ دەکەین و دەیدەین بە گۆڕاوی دووەم.

```
if ( number1 == number2 )
System.out.printf( "%d == %d\n", number1, number2);
```

لێرەوە تاکۆتای بەرنامەکە بەکارهێنانی شەش ڕستەی مەرجییە کە بە جێبەجێبوونی هەر ڕستەیەکیان بەهۆی مێسۆدی پرێنت ئێفەوە،ئەنجامەکەمان بۆ چاپ دەکات و، ڕستەی یەکەمیان بۆ مەرجی یەکسان بوونە و ئەگەر ئەو دووژمارەیەی داخیڵی دەکەین یەکسان بێت ئەوا بەهۆی ئەم مەرجەوە پێمان دەڵێت کە ژمارەی یەکەم (ئەو ژمارەیەی یەکەم جار داخیڵمان کردووە) یەکسانە بە ژمارەی دووەم.

## هەڵە باوەکانی بەرنامە سازی

یەکەم: هەڵەیەکی باو ئەوەیە کە هێمای (=)کە پێی دەوترێت assignment operator لە جیاتی هێمای (==)بەکاربهێنین، بۆ ئەنجامدانی کرداری یەکسان بوون Equality.

دووەم: هەڵەیەکی دیکە ئەوەیە کە بۆشایی لە نێوان هێمای کرداره بیرکاری و ژمێرەییەکاندا دابنرێت، وەکو گەورەتر یان یەکسان > =، بۆهێماکانی دیکەش (==،!=،>=،<=) بەهەمان شێوەیە و بەدانانی بۆشایی هەڵە دەبێت.

سێهەم: دانانی سیمی کۆلۆن (;) لە ڕستەی مەرجی دا if statement دەبێتە هەڵەی ژیریژی (مەنتقی) Logic Error وەك لەم نمونەیەدا دیارە :

```
if ( number1 != number2 );
System.out.printf( "%d != %d\n", number1, number2 );
```

چوارەم: پێچەوانەکردنەوەی هێماکان، بەم شێوەیە (=!، =<،=>) دەبێتە هەڵەی ڕستەسازی Syntax Error.

```
if ( number1 != number2 )
System.out.printf("%d != %d\n", number1, number2);
```

ڕستەی مەرجی دووەم، بۆ ئەنجامدانی کرداری بەراورد،بۆ نایەکسان بوونی ژمارە داخیلکراوەکان و، چاپکردنی ئەنجامەکە.

```
if ( number1 < number2 )
System.out.printf( "%d < %d\n", number1, number2 );
```

ڕستەی مەرجی سێهەم، بۆ ئەنجامدانی کرداری بەراورد،

بۆ بچوکترەی ژمارە داخیڵکراوەکان و، چاپکردنی ئەنجامەکە.

```
if ( number1 > number2 )
  System.out.printf( "%d > %d\n"، number1،
number2 );
```

ڕستەی مەرجی چوارەم، بۆ ئەنجامدانی کرداری بەراورد، بۆ گەورەترەی ژمارە داخیڵکراوەکان و، چاپکردنی ئەنجامەکە.

```
if ( number1 <= number2 )
  System.out.printf( "%d <= %d\n"، number1،
number2);
```

ڕستەی مەرجی پێنجەم، بۆ ئەنجامدانی کرداری بەراورد، بۆ بچوکتر یان یەکسان بوونی ژمارە داخیڵکراوەکان و، چاپکردنی ئەنجامەکە.

```
if ( number1 >= number2 )
  System.out.printf( "%d >= %d\n"، number1،
number2 );
```

ڕستەی مەرجی شەشەم، بۆ ئەنجامدانی کرداری بەراورد، بۆگەورەتر یان یەکسان بوونی ژمارە داخیڵکراوەکان و چاپکردنی ئەنجامەکە.

```
} // end method main
```

کەوانەی کۆتای ڕێگەی سەرەکییە.

```
} // end class Comparison
```

کەوانەی کۆتای کلاسی بەراورد کردنە.

ئەنجامی بەراوردی ژمارە 250 و 250،هەروەها 25و15:

```
Enter first integer: 250
Enter second integer: 250
250 == 250
250 <= 250
250 >= 250
Press any key to continue . . . _
```

```
Enter first integer: 25
Enter second integer: 15
25 != 15
25 > 15
25 >= 15
Press any key to continue . . . _
```

ئێستا زمانی بەرنامەسازی جاڤامان ناسی و،پێویستە لەمە دوواو زۆربەوردی و لەچەند چاپەرێکدا باسی بنەماکانی بەرنامەسازی و،پێکهاتەکانی پۆل Class و مێسۆد و تەن Object وlooping و GUI و Applet و Web Programming و Network Programming وInput/Output و Exceptionو Package و .... بکەین.

# بەرنامەیەکی کوردی بۆ زانینی دراوی وڵاتان



هۆمان فەرهاد homan1993@gmail.com


ڕەنگە زۆرجار پێویستیت بەوە هەبوو بێ کە دراوی وڵاتێك بزانی، بەڵام دەبوایە بەدوای دا بگەڕێیت تاوەکو بیدۆزیتەوە، ئێستا دەتوانی ئەم کارە بکەیت بە شێوەیەکی ئاسانتر بەهۆی بەرنامەی دراو.

بە بەرنامەیەکی قەبارە بچوکە و زۆر بە ئاسانی دەتوانیت دراوی وڵاتانی پێ بدۆزیتەوە.




لە تایبەتمەندی یەکانی ئەم بەرنامەیە: ئاسان لەبەکارهێنان و قەبارەی بچووك و پێویست بە دابەزاندن ناکات

## چۆنیەتی بەکارهێنانی



ئاسایی دوای کردنەوەی بەرنامەکە لەو شوێنەی نوسراوە وڵات ناوی ئەم وڵاتە بنووسە و کلیك لێرە بکە دابگەڕە دراوی وڵاتەکەت پێ دەدات هەروەها لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە.


تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Money) هەیە.




# به هۆی بەرنامەیەکەوە لە سڕینەوەی فایلەکانت مەترسە

شۆڕش ئەحمەد فەتاح ـ دەربەندیخان
lawe9988@yahoo.com


بەرنامەی (File scavenger) یەکێکە لەو بەرنامانەی کە فایلە سڕاوەکانت بۆ دەهێنێتەوە. بەڵام جیاوازی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کە قەبارەیەکی زۆر کەمی هەیەو بە تەنها دوو کلیك کاری پێ دەکەیت. سەرەتا بەرنامەکە لە نێو سیدیەکە کۆپی بکەرە سەر دیسکتۆپ ئەوکات واتە دەبڵ کلیك دەکەین لەسەر بەرنامەکە کە ئەم پەنجەریەمان بۆدەکریتەوە:





دواتر خانەی (search mode) ووشەی (Quick search) دەگۆڕین بۆ (Long search) بۆئەوەی گەڕانەکەی سەرکەوتوو بێت و ورد تر بگەڕێت:





دواتر لەخانەی (look in)دا پیتی ئەوبلۆکەی یان میمۆریەی دەمانەوێ شتە سڕاوەکان بهێنینەوە تێیدا دیاری دەکەین:




دواتر لەخانەی (search for) دا ئەمجۆرە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت بیهێنینەوە ئیتر وێنە بێت یان بەرنامە یان بابەت یان دەتوانین (all) دیاری بکەین بۆهێنانەوەی هەمووی




پاشان سێرچ کلیك دەکەین چاوەڕوان دەبین تاکو لە100% تەواو دەبێت:




دواتر لەبرۆسدا ئەو جێگەیە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت شتەکانی تێداهەڵبگرین




ئینجا کلیك لەسەر (Recover) دەکەین ئەم نامەیە بۆدێت پێویستە (SKIP) دیاری بکەیت و (ok) بکەیت چاوەڕوان دەبین تاکو لە100% شتەکان دەگوازێتەوە بۆناوئەو فایلەی دیاریمان کردووە پاشان ئەوەی پێویستمان بوو هەڵیدەگرین و ئەوەشی پێویستمان نەبوو دەیسڕینەوە.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (scavenger) هەیە.




# هەموو وێنەکانت لە تەنها فایلێك دابنێ و جوانترین ئەلبوم بۆ دروست بکە




ڕێکار عەتا محمدالدین ـ دەربەندیخان

زۆرن ئەو بەرنامانەی کە کاری ڕێکخستنی وێنەکان دەکەن، بەڵام بەرنامەی Flash SlideShow Builder کارێکی زۆر جوانتری بۆ دەکات کە هەموو وێنەکانت لە یەك فایلدا بۆ کۆدەکاتەوە و دەشتوانیت دەنگی لەگەڵ دابنێیت لەگەڵ جوانترین ئیفێکت و جوڵە.

بۆ کارپێکردنی بەرنامەکە دوای سێت ئەپکردن لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە شۆرتکەتی بەرنامەکە زیاد دەبێت و دەبڵ کلیکی لەسەر دەکەین و بەم شێوەیە دەردەکەوێت:





لەلای چەپ هەموو فۆڵدەرو هاردەکان دیاری، پێویستە وێنەکانت لەناو فۆڵدەرێك دا بنێیت و کاتێك کلیك لەسەر فۆڵدەرەکە بکەیت ئەوا هەموو وێنەکانی لە لای ڕاست دەردەکەون وەکو چۆن لەم وێنەیەدا دیارە





هەروەها هەر وێنەیەك دەتوانیت دەبڵ کلیکی لەسەر بکەیت ئەوا دێتە خوارەوە. یان ئەگەر وێنەکان زۆر بن ئەوا هەموویان سەلێکت دەکەیت و لە Add Image کلیك بکە بۆ ئەوەی هەموان بێتە نێو سلایدەکانی خوارەوە.

دوای ئەوە کارە دەتوانین لە نێوان هەر دوو وێنەیەدا جوڵەیەکی جوان دابنێین. بۆ ئەمکارەش دەبڵ کلیك لە نێوانی هەر دوو وێنە بکەین ئەوا لە لای چەپ ڕوکار ێك دەردەکەوێت کە هەموو جۆرە جوڵەکانی تێدایە وەکو چۆن لەم وێنەیەدا دیارە:





دزای ئەو کارە دەتوانین کلیك لەسەر Theme بکەین بۆ ئەوەی چوار چێوە بۆ وێنەکانمان دابنێین. وەکو لەم وێنەیەدا ڕوون بوەتەوە:




ئەگەر بمانەوێت دەنگ و گۆرانی لەگەڵ وێنەکانمان دابنێین ئەوا بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕێگایە دەگرینە بەر:


سەرە کلیك لەسەر Decorate بکەو دوای ئەویش لە خوارەوە کلیك لەسەر Record بکە وەکو لەو وێنەیەی ئەوە بەرە ڕوون بوەتەوە:




دوای ئەو کارە کلیك لەسەر Import بکە وەکو چۆن لەو وێنەیەی سەرەوە دیارەو ئەوکات ئەو دەنگ و گۆرانیەی کە دەتەوێت دەستنیشانی بکە.

کۆتا کارمان ئەوەیە کە ئەگەر کارەکانمان هەمووی تەواو کرد بە چ شێوەیەك سەیڤی بکەین.

بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانیت لە سەرەوە کلیك لەسەر Publish بکەیت وەکو لە وێنەکەدا دیارە:




وەکو لە وێنەکەدا دیارە شەش جۆر سەیڤکردنمان هەیە:


یەکەم: وەکو فایلێکی فلاش.

دوهەم: وەکو ئەلبومێك بۆ ئینتەرنێت بشێت. سێهەم: گۆڕینی بۆ فایلی ئینتەرنێت. چوارە: وەکو بەرنامەیەکی تایبەت و بە دەبڵ کلیك کار دەکات. پێنجەم: دەتوانیت بە ئیمەیڵ بینێریت. شەشەمیش دەتوانیت وەکو سکرین سەیڤەری کۆمپیوتەر بەکاری بهێنیت.

جگە لەمانەش دەتوانیت زۆر کاری تری پێ بکەیت وەکو نوسین لەسەری و زۆر شتی تریش کە لە کاتی کارکردن دەتوانیت بۆ جوانتر کردنی ئەلبومی وێنەکەت بەکار بهێنیت.

*تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Flash) هەیە.*

# GPRS چیە؟




کاروان دلشاد ابراهیم ـ بەشی سیستەمی کومپیوتەر

GPRS یەکێکە لە خزمەتگوزاریەکانی مۆبایل کورتکراوەی (کۆمەڵەی خزمەتگوزاری نێراوە گشتیەکانە) بریتیە لە ناوەندێکی یارمەتیدەر بۆ چوونە ناو ئینتەرنێت و ناردن و وەرگرتنی زانیاری بەبێ ئەوەی پێویست بە پەیوەندی بکات بۆ هەموو جارێك و بەهۆی GPRS دەتوانیت بەردەوام لە پەیوەندیدا بیت.

ئەم سیستەمە بەوە ناسراوە کە زۆربەی ئابوریە بەنیسبەت بەکارهێنەرەکە لەبەر ئەوەی حسابی کارکردنی لەسەر کات نیە بەڵکو لەسەر ئەو زانیاریانەیە کە بەکارهێنەر وەری دەگرێت و دایدەبەزێنیتە ناو کۆمپیوتەرەکە بەمەش دەتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر پەیوەندی بە ئینتەرنیتەوە نەبڕێت.

یەکێك لە جیاکەرەوەکانی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە دەتوانێت 24 کاتژمێر لە پەیوەندی دابیت تەنها نرخی تێچوش دەکەوێتە سەر قەبارەی ئەو زانیارانەی کە داتبەزاندون بۆ ناو کۆمپیوتەرەکە.

لەگەڵ ئەمانەشدا خێرایەکی زۆر باشی هەیە و بەگوێری جۆری مۆبایلەکەش دەگۆرییێت و خێرایەکەی سێ ئەوەندەی تۆری مۆبایل دەبێت جگە لەمەش ژمارەی بەشداربوانیش کاریگەری دەبێت لەسەر خێرای گۆرینی زانیاریەکان دەتوانرییێت زۆر بەئاسانی هاوبەشی بکەی ئەگەر ئەم خزمەتگوزاریە لەناو تۆری مۆبایلەکە هەبێت کە بریتیە لە پرۆتۆکۆلێکی ئینتەرنێت لەگەڵ تۆری GPRS گونجاوترین خزمەتگوزاری GPRS بریتیە لە گفتوگۆ کردن (دردشە) و کورتە نامەو خزمەتگوزاریەکانی تری ئینتەرنێت و دەتوانرێت زۆر بەئاسانی بە کۆمپیوتەرەوە ببەستریتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری جگە لەمەش دەتوانیت بە خزمەتگوزاریەکانی GPRS نامەی ئەلیکترۆنی و نامەی دەنگی بنێرین و زۆر بە ئاسانی خزمەتگوزاریەکان ئینتەرنێت بەکاربێنیت.



# چۆنیەتی گەشەپێدانی لایەنی کۆمپیوتەر له قوتابخانه و خوێندنگاکان

شیلان محمود - سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کۆمپیوتەر (٢-٢)

له بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا باسی لایەنی نەرینی و ئەرینی خوێندنی کۆمپیوتەرمان کرد و هەروەها تیشکمان خستە سەر هەشت پێشنیاری گرنگ بۆ پێشخستنی وانەی کۆمپیوتەر لە خوێندنگاکانی کوردستاندا.

له بەشی دوهەم و کۆتاییدا باس له 12 پێشنیاری تر دەکەین.




9. دەست نیشانکردنی فەرمانبەرێك لەقوتابخانەكان بە فەرمانبەری تایبەت بە راپەراندنی کارەکانی کۆمپیوتەر لە قوتابخانەکاندا و بەشداری پێکردنی لە خولی تایبەت و رابهێنرێت لەسەر جێبەجێ کردنی کارە کۆمپیوتەریەکانی قوتابخانە و لەکاتی پێویستدا مامۆستایانی کۆمپیوتەر هاوکاریان بکەن بە مەرجێ نەبێتە هۆی نەخوێندنی وانەی کۆمپیوتەر.

10. بە فەرمیکردنی خوێندنی ئەلکترۆنی (E learning) لە وەزارەتی پەروەردە. وەك ئەوەی ئێستا پەیرەو دەکرێت لە زۆربەی وڵاتان بۆ نمونە ئوردن. پرۆسەی خوێندن پێشکەوتنیکی گەورە بە خۆوە دەبینێ.

11.دانانی پلانێکی تایبەت بۆ گۆرینی بابەتەکانی خوێندن لە شێوەی ئاسایی یەکەی بۆ شێوەی ئەلکترۆنی ( کۆمپیوتەرکراو ) لە لایەن وەزارەتی پەروەردە.

12. دانانی بەرێوەبەرایەتی خوێندنی ئەلکترۆنی لە ژێر هەیکەلی وەزارەتی پەروەردە هەروەها کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە خوێندنی ئەلکترۆنی بە بەرێوەبەرایەتی یە گشتی یەکاتی پەروەردە.

13. دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێت و ئینترانیت بۆ هەموو دەزگا پەروەردەیەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی و بەستنەوەی بە تۆری ئینتەرنێتی وەزارەت. بۆ ئاسان کردنی پرۆسەی فێرکردنی ئەلکترۆنی.

14. دابینکردنی کورس خوێندن بۆ مامۆستایانی کۆمپیوتەری دەرچووی پەیمانگا دوای دوو ساڵ خزمەت .

15. کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان بەگشتی لە دەرەوەی وڵات بۆ ئاشنا بوونی مامۆستایان لەسیستەم و شێوازی خوێندنی دەرەوەی وڵات یاخود هێنانی کادری شارەزا لە دەرەوە بۆ کوردستان .

16. کردنەوەی خولی پێشکەوتوو وە بەردەوام بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی ئاگاداری پێشکەوتنی نوی بن وە زیاتر شارەزایی وەرگرن لەم بوارەدا.

17. کردنەوەی سەنتەرێك بۆ تاقی کردنەوەی (ICDL) بۆ مامۆستایان و پێدانی بروانامەی دەرچوون کە باوەر پێکراو بێت لە لایەن وەزارەتی پەروەردە.

18. هەوڵ بدرێت بۆ دابینکردنی ئامێری کاو (تاقیگەی کۆمپیوتەری جولاو) بۆ قوتابخانەکان ( ئامیری کاو ئامێریکی پیشکەوتووە کە پێك دێت لە 16 لاپتۆپ لە ناو سندوقێك و هەموو پێداویستیەکانی تاقیگەیەکی تێدایە لە جیاتی ئەوەی قوتابی بەری بۆ تاقیگەی کۆمپیوتەر تاقیگەی کۆمپیوتەر دەبەیت بۆ لای قوتابی لە هۆڵی خوێندن).

19. کردنەوەی ژووری تاقیگەی کۆمپیوتەر بۆ بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکان (غرفە متعددە الاغراض) لە گشت قوتابخانەکان و دابین کردنی ئامێری کۆمپیوتەر و ئامێری (Data show) و بۆردی تفاعلی (سبورة المتكاملة).

20. بەکارهێنانی سیستەمێکی ئەلکترونی هاوبەش لە هەموو قوتابخانە و دام و دەزگاکانی پەروەردە ییەکاندا سیستەمێکی وەك (EMIS) کە زۆر گرنگە بۆ گەشەپێکردنی دەزگای پەروەردە و بەکارهێنانی بنەمای زانست و تەکنەلۆجیەکانی سەردەم بۆ پۆلێن کردن و رێکخستن و شیکارکردنی داتا و زانیاریە پەروەردەییەکان بە مەبەست گەیشتن بە ئەنجامگیری پوخت و توکمە.

سوودی EMIS دەگەرێتەوە بۆ رێکخراوە پەروەردەیەکان و رێکخراوی کۆمەلایەتیەکان و ئابوریەکان زانیاریەکان (EMIS) دەوری هەیە لە بەرز کردنەوەی ئاستی وە جۆری باشکردنی رێکخراوی پەروەردەی بە دامەزراندن و ئیشپێکردنی سیستەمێکی باش بۆ زیاتر مامەڵەکردن لەگەڵ

www.c4kurd.com


زانیاریە پەروەدەیەکان بە وردی و بەئاسانی و بەخێرایی و سود وەرگرتنی لەکاری جۆراوجۆر وەکو:
1. دابین کردنی بناغەیەکی زانیاری پەروەردەی کەتوانای گۆرانکاری هەبێت.
2. دەرهێنانی زانیاری پەروەردەی جۆراوجۆر.
3. ئەم زانیاریانە ئەبێتە هۆی دارشتنی بریارەکان لە سەربنەمایەکی زانستی لە سیاسەتی پەروەردە دا.
4. یارمەتیدانی لێکۆڵەرەوە پەروەردەیەکان و نەخشەکێشان پێشکەش کردنی زانیاری بۆیان .
5. پەیوەندی لەبەشی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنگاکان و وە گواستنەوەی زانیاری بەخێرای بەرێگەی ئینتەرنیت
6. دانانی سیستمیەکی تێر و پری یەك شێوە بۆ هەموو ئامارە پەروەردە ساڵانەیەکان و دانانی پرۆگرام بۆیان لە کۆمپیوتەر و دەرهێنانی زانیاری .
7. دەرهێنانی داتا و ئاماری پەروەردەی ساڵانەیەکان لە فۆرمەکان .
8. زیاتر گەشەپێدان بەزانیاریەکان کەبریتین لەژماردنی خوێندنگا و بینا و پۆل و ژوور و خوێندکاران و مامۆستا و فەرمانبەر و کارگوزار و بەپێی قۆناغی خوێندن و ژینگە (شار و لادێ) وشوێنی قوتابخانەکە و رەگەزو تەمەن و لایەنی تەندروستی و کۆمەلآیەتی و ئابوری نیشتەجێبوون.




# بەرنامەیەك بۆ وێنەگرتنی شاشەی کۆمپیوتەر

بۆتان محمد أحمد
botaneomed@yahoo.com

ئەم بەرنامەیە (I SCREEN RECORDER) یەکێکە لەو بەرنامانەی کە وێنەی شاشەی کۆمپیوتەرەکەت بۆ دەگرێت، جا چ وەکو وێنەیەك یان بە شێوەی ڤیدیۆیی.
بەکارهێنانی بەرنامەکە زۆر ئاسانەو پاش ئەوەی بەرنامەکە سێت ئەپ دەکەیت و دەکەینەوە ئەم رووکارەمان بۆ دێتە پێش




لێرەدا چەند دوگمەیەکمان هەیە یەکەم (سکرین کاپچەر) دووەم(تی ڤی کاپچەر) سێهەم (دی ڤی کاپچەر) چوارەم (ئۆزێر درایڤەرس) پێنجەم (کۆنێکت) شەشەم (فایل براوس) حەوتەم (فایل لیست) هەشتەم (سیتینگس) نۆیەم (ستارت) کە لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە کلیك لەسەر (سکرین کاپچەر) بکەین سکرین کاپچەر لەو بۆشاییەدا دیسك تۆپ پیشان دەدات یان هەر بەرنامەیەك ئەگەر کرابێتەوە.
تی ڤی کاپچەر ئەگەر کۆمپیتەرەکەمان رەبتی تەلەفیزۆن کرابێت ئەوا پیشانی دەدات و دی ڤی کاپچەر ئەگەر کامێرەی پێوە بەسترابێت ئەوا پیشانی دەدات وە ئۆزێر درایڤەرس ئەگەر هەرچ پارچەیەکی پێوە بەسترابێت لەرێگەیەوە بتوانی تصویر یان وێنەی پێ بگریت ئەوا لە ئۆزێر دایڤەرس پیشانی دەدات وە کۆنێکت کاتێك ئەکتیڤ دەبێت کە یەکێك لە درایڤەکان کاربپێکەین وە دەبێت بە دیسکۆنێکت وە فایل براوس بەکاردێت بۆ دیاری کردنی شوێنی خەزن بوونی ئەو فایلە ڤیدیۆیە یان ئەو وێنەیەی کە دەیگرین وە سیتینگس بۆ گۆرانکاری لە کۆدی ڤیدیۆ و دەنگی وە ستارت بۆ دەست پێکردن بە وێنەگرتنی هەموو ئەو شتانەی لەسەر شاشەی کۆمپیتەرەکە دەر دەکەوێت و فایل لیست بۆ دەرکەوتنی فایل لیست وەك وێنەکەی خوارەوە:





ئەم لیستەی کە دەکرێتەوە هەموو ئەو ڤیدیۆ و وێنانەی کە گرتمانە پیشان دەدات و دەتوانین ببینینەوە.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (iscreen) هەیە.

www.c4kurd.com

# سایتێك ناوت بنوسەو دەیكاتە دەنگی بولبول




لە وڵاتی خۆمان دروستكردن و كڕین و دانانی سایت یەكێكە لە كارە قورسەكان زۆر كەمن ئەو كۆمپانیاو وەزارەت و كەسانەی هەوڵی دروستكردنی سایت دەدەن، بەڵام لە شوێنانی تر سایتێك تایبەت دەكرێت بە كارێكی زۆر سادەوە. بۆ نمونە سایتی www.nightingale-song.com تەنها كاری ئەوەیە كە تۆ ناوی خۆت یاخود چەند پیتێك دەنوسیت و ئەویش دەیكاتە چریكەی بولبولێك. كارەكە زۆر جوان و سەرنج ڕاكێشە كە شایەنی ئەوەیە سەردانی بكرێت و تاقی بكرێتەوە.









**لەبەر ئەوەی فلاش میمۆری بوەتە پێویستیەكی ڕۆژانە، بە شێوازی جیا جیا دروست دەكرێت**



# دانانی وێنە لەناو فایلی Mp3




هەردی جاف
Hardyjaf1@gmail.com





خۆشەویستان زۆربەمان ڕۆژانە دەبینین و بەر چاومان دەکەوێت کە ئەو فایلە دەنگیانەی کە هەمانە کە لە جۆری mp3 ین لە ناو مۆبایل و کۆمپیتەرەکانمان وێنە یەکی لە گەڵ دایە کە زۆر جار وێنەی ئەو گۆرانی بێژەیە کە گۆرانیەکە دەڵێت یا خود هەر وێنەیەکی تر کە تایبەت کرا بێت بەو فایلە دەنگیە زۆر کاتیش حەزمان کردووە کە ئێمە خۆمان وێنەیەك دابنێین بۆ فایلە دەنگیەکانمان یا خود بیانگۆڕین کە ئەمەش شتێکی جوانە لە گەڵ گۆرانیەك وێنەیەك هەبێت لێرەدا

دەست دەکەین بە باسکردنی بەرنامەی Tag&Rename کە دەتوانین زۆر بە ئاسانی وێنە بۆ فایلە دەنگیەکان دابنێین کە لە جۆری mp3 ین بە لام ئەو وێنەی کە دای






دەنێیت نابێت قەبارەکەی زۆر گەورە بێت وا باشە سایزەکەی (170×190) بێت بە شێوەیەکی رێك دەردەکەوێت ئەگەر سایزەکەی گەورە بێت وێنەکە لە هەندێك مۆبایل دەرناکەوێت

هەروەها ئەم بەرنامەیە چەندین تایبەتمەندی تری تێدایە کە دەتوانین دەست کاریان بکەین و بەکاریان بهێنین:

لە هەنگاوی یەکەم کاتێك بەرنامەکە دەکەیتەوە لە بەشی لای چەپی بەرنامەکە ئەو فایلە بکەرەوە کە کە فایلە دەنگیەکەی تێدایە دواتر کلیکی لای راست لەسەر فایلە دەنگیەکە بکە کە دەتەوێت دەستکاری بکەیت.

دواتر کلیك لە سەر بەشی(Edit file tage) بکە یا خود کورتکراوەی کیبۆرد (F5)بەکاربهێنە دوای ئەوە ویندۆیەکت بۆ دەکرێتەوە کە لە وێدا دەتوانی تایبەت مەندیەکانی دەستکاری بکەیت بەم شێوەیە.





لە هەنگاوی دووەمدا لە بەشی (title,artist,album) دەتوانین ناوی گۆرانی بێژەکەو ناوی ئەلبومەکەی هەموو ئەو شتانەی کە تایبەتە پێوەی بیان نووسین هەروەها لە بەشی(Add) ئەو وێنەیە دەهێنین کە دەمانەوێت بۆ فایلە دەنگیەکەی دابنێین کە بەرنامەکە دوو جۆری بۆ دیاری کردووە ئەوانیش دەبێت جۆرەکانی (jpg,bmp) بێت. پاش ئەوەی کە وێنەکەمان هێنا کلیك لە سەر بەشی (save) دەکەین بۆ سێیڤ کردنی کارەکەمان یان گەر ویستت فایلەی دوای ئەمەش دەست کاری بکەیت دەتوانی (save and next) بکەیت دوای ئەوە راستەوخۆ کارەکەمان لەسەر ئەو فایلە دەنگیە سەیڤ دەبێت کە دەست کاریمان کردووە پێویست ناکات ریندەری بکەیت یان دووبارە سەیڤی بکەیتەوە.

هەروەها بۆ ئەوەی ئەم کردارە بە شێوەی کۆمەڵ ئەنجام بدەین واتا کۆمەڵێك فایلی دەنگی لە یەك کات دەستکاری بکەی دەتوانی لە کاتی دەستنیشانکردنی فایلە دەنگیەکە کاتێك کلیکی لای راستی لە سەر دەکەیت ئەوا هەڵبژاردنی سێهەم هەڵبژێرە (edit file/folder name) یان دەتوانی کورتکراوەی کیبۆرد (F6) بەکار بهێنیت.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆلدەری (Tag) هەیە.

www.c4kurd.com




باوکی هێڤار

# بەسەرەش بێت سەرەمە

ئەوە چەند ژمارەیەکە رایت کلیک دیار نەماوە مانای ئەوە نیە کە هیچ نیە بڵێم، نەوەڵا شت زۆر زۆرە بەڵام بابەتی نوسەران زۆرتر بوو حەزمان کرد هی ئەوان بڵاوبکرێتەوە، هەرچەندە ئەم ژمارەیەش هی چەند نوسەرێك کەوتە ژمارەی داهاتوو، بەڵام ئیتر تەحەمولم نەماو وەکو لە سەرەوە نوسیومە بە سەرەش بێت سەرەمە.

ئێ، نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم؟

با لەو نامە جوانانەوە دەست پێ بکەم کە هەندێکتان لەگەڵ فۆرمی تێرو پشکەکە دەینێرن. بەراستی دڵخۆشمان دەکات هەست دەکەین کەسانێك هەیە نە ئەیانناسین و نە ئەماننناسن کەچی یەکترمان خۆش ئەوێت و هەست بەدڵسۆزی یەکتر دەکەین بۆ پێشخستنی ئەم بوارە. چەند برادەرێك نامەی زۆر جوانیان ناردوە، ئێمە هەموانمان لای خۆمان هەڵگرتوەو زۆر دڵمان پێی خۆشە و زوو زوو دەیخوێنینەوە کە دەبێتە هێزێك بۆ بەردەوام بونمان. بۆیە لێرەوە پێتان دەڵێین دەستتان خۆش بێت و مەمنونی ئەو وشە جوانانەی ئێوەین.

لەلایەکی تر مەوزوعێك هەیە حەز ئەکەم بیزانن کە ئەو هەدیانەی گۆڤار دایناوە بۆ ئەوە نیە تەنها مجلەکە زۆر بفرۆشرێت، تەنها وەکو دیاریەکە لە سی فۆر کوردەوە بۆ خۆشەویستەکانی. خۆشتان ئەزانن دیاری گۆڕینەوە خۆشەویستی زیاد ئەکات، ئێمە ئەو دیاریانەمان هەیەو ئێوەش بە بابەت و وشەی جوان ئێمە خەڵات دەکەن. ئەگینا ئەو ژمارەیەی کە پێش دانانی دیاری دەفرۆشرا هەمان ئەو ژمارەیەیە کە ئێستا دەفرۆشرێت. کەواتە ئەوەی لای ئێمە گرنگە سی فۆر کورد بۆیە خوێنەری وەکو ئێوەی هەیە چونکە ئیستیفادەی بۆ ئێوە هەیە و توانیوتانە لە رێگەی ئەوەوە ئەگەر کەمیش بێت کەمێك زانیاری وەر بگرن.

### کاکە گیان بۆ هەدیەکان بۆ سلێمانی دەرناچێت هەر بۆ هەولێرە؟

برادەرێکی ئازیز ئەم رستەی سەرەوەی بۆ ناردوین؟ منیش ئەپرسم ئەرێ بۆ بۆ سلێمانی دەرناچێت؟ بەخوا ئەوەیان پەیوەندی بە قورعەکەوە هەیەو من ناتوانم هیچ بڵێم، چونکە کەسمان نازانین بۆ کێیەو بەڵام رەنگە هی ئەوە بێت لە هەولێر خەڵك زیاتر فۆرمەکە بگەڕێننەوە. ئەگینا حەزەکەین بۆ هەموان دەربچێت.

### تا ئێستا یەکەمجارە ئەم کارە بکەم و تەصەورم نەکرد بۆم دەربچێت!!

ئەمەش قسەی یەکێك یان باشتر بڵێم زۆربەی ئەو کەسانەیە کە خەڵاتەکەیان بۆ دەرچوە. بۆیە زۆر دڵمان پێی خۆشە بۆ کەسێکە دڵی پێی خۆشەو شایستەیە. هەمویان وا دیار بوون کە کەسانێکی بێ منەت نین بەرامبەر بەر خەڵاتەکەو دڵیان بە دیاریەکەی سی فۆر کورد خۆشە.

### ئەوە ژمارە ٤٠ م کڕی بۆیە لە یەکەوە تا ٣٩ م ئەوێت.

ئەمەش قسەی خوێنەرێکی تری گۆڤارە کە دڵی زۆر خۆشکردین کە دیارە ئەوەندە سودی هەیە ئەو کەسە حەز بکات هەمو ژمارەکانی تری هەبێت. یان هەتا ئێستا زۆرێك هەواڵی ژمارەکانی پێشوو دەپرسن کە گومانین نیە استفادەی زۆری لێ ئەکەن.

### ریکلامی ٢٥ هەزاری

ئاخر شت حەز ئەکەم باسی ریکلامە ٢٥ هەزاریەکەی سی فۆر کوردتان بۆ بکەم. دیارە بریار درا کە ریکلام لە ناوەوەش دابنرێت تاکو پارەکەی ببێتە یارمەتیدەرێك بۆمجەلەکە خۆی. دیارە ئەویش حەزی لێیە پارەی خۆی هەبێت و بیداتە ریکلام بۆ خۆی. بۆیە قەراردرا کە نرخەکەشی کەم بێت بۆ ئەوەی هەموان بتوانن سودی لێ ببینن. واتە ٢٥ هەزار دینار پارەیەکی ئەوەندە نیە کە دیار بێت و هەموان ئەتوانن پەیدای بکەن، بەڵام بۆ مجەلەکە زۆرە و بە سێ چوار دانەیەك دەتوانێت هەدیەیەکی زیاتر دابنێت. بەڵام خۆشیەکەی لەوەدایە هێشتا هەندێك هەن دەڵێن بەخوا هەر ئەبێت خاترمان بگرن!! ئاخر خاتری چەند؟

www.c4kurd.com